Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2072046

# ناوچەی گەرمیان لە نیگای بەشێک لە گەڕیدەو کوردناسانەوە (کەرکوک، دوز خورماتوو، کفری و خانەقین) وەک نموونە

سوزان کەریم مستەفا

بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

***Article Info***

Received: **September , 2022**

Revised: **November, 2022**

Accepted: **December, 2022**

***Keywords***

**کوردناسەکان، شار ، نەوت، گەرمیان، ئابوری، بازرگانی**

***Corresponding Author***

**پوختە:**

**بۆ زانینی مێژوو ژیاری کورد لە گۆشە نیگای کەسانی بیانیەوە دانراوی کوردناسەکان باشترین سەرچاوەن بۆ گەڕان و ئاشکراکردنی سەرجەم ئەو لایەنە شاراوانەی کە نەتەوەی کورد خۆی نەیتوانیوە دەستیان بۆ بەرێتو ئاشکرایان بکات، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شارو ناوچەکان کوردستان لە سەردەمە جیاوازەکاندا وا پێویست دەکات گەشتێک بە نێو پەرتوک و دانراوی گەڕیدەکاندا بکەین بۆ زانینی باری سەرنجی کوردناسەکان لەمەڕ مێژووی کورد، ئەمە بۆ ئێستاو داهاتوو کارێکی بەسودو پڕ بایەخە بەجۆرێک کە دەتوانین چارەنوسی بەشێکی زۆر لەو ناوچانەی کە کێشەی لەسەرەو لە دۆخی کوردبوونی کراوەتە دەرەوە بەو نواسراوە مێژووییانە ساغ بکرێتەوەو وەک شایەدحاڵێکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەهەمان کاتدا بۆ ئاشنابوون بە مێژووی نەتەوەیەک ئەرشیفێکی گرنگو پڕ بایەخە، بۆیە هەڵدان بۆ خستنە رووی باری سەرنجی کوردناسەکان لەمەڕ سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کورد لە رووی ئەکادیمیەوە کارێکی پێویستە.**

**پێشەکی:**

**دانراوی کوردناسەکان پڕە لە زانیاری شاراوەو نادیار دەربارەی شارو دێهاتو ناوچەکانی کوردستان بەجۆرێک کە کورد خۆی دەرفەتی تۆمارکردنی ئەو دیمەنانەی نەبووەو دەستیشی بۆ نەبردووە، بێگومان هۆکارەکانی ئەم کەمتەرخەمییەش زۆرن و پێش هەموویان بارودۆخە سیاسیەکە هۆکاری سەرەکی بووە لەوەی کە کورد دەرفەتی تۆمار کردنو ئەرشیفکردنی هیچ لایەنێکی ژیاری خۆی نەبێت، بەڵام کوردناسو گەرَیدەکان باشترین سەرچاوەو کەرەستەی بەپێزیان خستۆتە بەردەست بۆ زانینی بەشێکی زۆر گرانگی مێژووی کوردو ناوچە کوردستانیەکان کەلە زۆر کاتدا دەتوانرێت وەک شایەدحاڵێکی مێژوویی سودیان لێوەربگیرێت، ئەو بابەتانەی کە کوردناسەکان قسەیان لەسەر کردووە، زۆر دەگمەنو شاراوەن، بۆیە بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد زۆر گرنگە دەست بۆ ئاشکراکردنی بابەت شاراوە و نادیارەکانی مێژووەکەی بەرێتو ئەو تێبینیانە هەرچەند کەم و زۆر گرنگیش نەبن لە رووی مێژوویەوە، بەڵام لە رووی بەدەستهێنانو ئاشنا بوون بە بارودۆخی ئەو قۆناغە زۆر گرنگن، بۆیە تۆماری کوردناسەکان پرن لە زانیاری گرنگ کەلەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لایەنێکی تری هەوڵی کوردناسەکان بخرێتە روو.**

ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانەوەی لایەنێکی نادیارو گرنگی ژیاری شارو شارۆچکەکانی کوردستانە لە گۆشە نیگای بەشێک لە گەڕیدەو کوردناسەکانەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە گرنگی بابەتەکادا دەبینێتەوە، کە بریتیە لە ناساندنی بەشێکی کوردستان کە ناوچەی گەرمیانەو تا ئێستاش جێگە مشتو مڕو کێشەو ململانێیە لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان.

میتۆدی توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدێکی زانستی مێژوییی شیکاری کە بۆ نوسینەوەی هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگەو پێویستن.

لەنوسینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە ژمارەیەک سەرچاوەی گرنگ بەستراوە بە زمانە جیاوازەکان، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەس سەفەرنامەو گەشتی بەشێکی زۆر لە کوردناسو گەڕیدەکانە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە بریتیە لە دەروازەیەکی کورت بۆ چوونە نێوو باسەکە و ناساندنی ناوچەی گەرمیان لە رووی سیاسیو ئابورییەوە، و پاشان شارەکانی کەرکوک و دوزخورماتوو کفریو خانەقین وەک نموونەی توێژینەوەکە دەستنیشانکراوەو بە جیا دیدو تێڕوانینی کوردناسەکان لەو بارەیەوە خراوەتە روو.

### دەروازە

ناوچەی گەرمیان ناوچەیەکی دەوڵەمەندەو جێگەی سەرنجو بایەخی گەڕیدەو کوردناسەکان بووەو ئەو کوردناسانەی بەم ناوچانەدا تێپەڕیون سەرنجی خۆیان لە بارەی ئەم ناوچانەوە تۆمارکردووە، هەرچەندە سنورو چوارچێوەی ناوچەی گەرمیان زۆر بەرفراوانەو بەپێی سەردەمو دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

گەرمیان بە واتای ناوچەی گەرم دێت، ئەم هەرێمە ناوچەیەکی بەرفراوانی باشوری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوەو لە رووی ئابوریەوە بایەخێکی زۆری هەیە، بەتایبەتی کە زۆربەی چاڵە نەوتەکانی هەرێمی کوردستان لە کەرکوکو خانەقین دەکەونە نێو چوارچێوەی ئەم ناوچەیەوە، ئەمە جگە لەوەی ناوچەیەکی گرنگی لەوەڕگەیەو مەڕوماڵاتێکی زۆری تێدا بەخێو دەکرێتو هەرێمێکی کشتوکاڵی بە پیتیشە.(محمد،2002: 21) ئەمە جگە لەوەی لە رووی فرەجۆری بەرهەمی کشتوکاڵیو کانزاییو جۆراو جۆری رووەکە سروشتیەکانەوە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لەهەمان کاتیشدا کاریگەری لەسەر جۆراوجۆری هەرێمەکانی ئاوو هەواو و چالاکیەکانی ئابوریو پیشەسازی و فراوانبونی پەیوەندییە ئابوریەکانی دانیشتوانیش کردووە. (دەروێش، محمد، 2017: 93)

سنوری (باگرمێ) واتا گەرمیان کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بەم جۆرە ناوی هاتووە، لە سنوری گەرمیانی ئێستا زۆر فراوانترە، پێدەچێت لە رووی کارگێڕیو سیاسیەوە لە سەردەمێکی مێژوییدا پێناسە بووبێت بۆ هەرێمێکو بە هۆی دەوڵەمەندیو گرنگی ئەم ناوچەیەوە بەردەوام هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی دراوەو لە رووی کارگێڕیو سەربازیشەوە زۆربەی کات گەرمیان سەر بەناوەندی کەرکوک بووەو لە ساڵی (1975) وەوە تا ئەمڕۆ گەرمیان هەموو پارێزگای کەرکوکی گرتۆتەوە. (شاکەلی، 2003: 19) لەم روەشەوە روبەری ناوچەی گەرمیان بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بووە، لە ئێستادا رووبەری ئەم ناوچەیە نزیکەی (72، 31172)کم2یە لە (37%)ی کۆی روبەری هەرێمی کوردستان و لە(7%)ی روبەری عێراق پێکدێنێت.(دەروێش، محمد، 2017: 93)

گەرمیان لە ئێستادا لە رووی کارگێریەوە پێک دێت لە قەزاکانی (کەرکوک، کەلار، کفری، خانەقین، دوزخورماتوو، مەندەلی، بەدرە، شارەبان، چەمچەماڵ، دوبز)، هەریەک لەم ناوچانەش بە روبەری جیاوازو رێژەی جیاواز، رووبەری ناوچەی گەرمیانیان پێک هێناوە.(دەروێش، محمد، 2017: 94)

سەبارەت بە زاراوە گەرمیانیش مێژووی بەکارهێنانی ئەم وشەیە بۆ ناوچەکە روون نیەو هەروەها لە قۆناغە جیاوازەکانیشدا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوەی کەلە مێژوودا ئاماژەی پێکراوە ئەوەیە کە لە سەدەی نێوان (2پ.ز_ 3ز) ناوی ئەم هەرێمە بە شێوەی گەرمەکان بەکارهێنراوە، لە کاتی دەسەڵاتی ساسانیەکانیشدا هەندێک جار بە گەرمیگ ناسراوە، بەڵام هەر لەسەدەی یەکەمی زاینییەوە کریستیانی تێدا بڵاو بۆتەوەو قەشەو رەبەنەکان لە

راپۆرتەکانیاندا ناوچە گەرمەکانیان بەشێوەی بێت گەرمێ تۆمار کردوە.(رەشید، 2008: ٣٠-٣١) هەروەها (لیام ئەندرسن)یش ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم ناوچەیە لە لای ساسانیەکان بە گەرمکا ناوبراوەو لەلای کوردەکانیش بە ناوچەی گەرمیان ناسراوە، کە واتە زاراوەکە هەرچۆنێک بەکارهاتبێت، واتای ناوچەی گەرم دەگەیەنێت.(ئەندرسن، 2013: 30) بەپێی بۆچوونی مێژوونوسی ئەرمەنی (موڤسیس خورینی)، کەلە سەدەی پێنجەمو سەرەتای سەدەی شەشەم ژیاوە، دەڵێت ساسانیەکان کە خزمایەتیان لەگەڵ میدیەکاندا هەبووە، بەو ناوچەیەی کە کەرکوک دەکەوێتە ناوەندیەوە پێیان دەوت گەرمەکان، کە سنورەکەی لە باشوری رۆژئاواوە درێژدەبێتەوە تا زێی بچووک و لە باکوری رۆژئاواشەوە تا چیای حەمرین و لە باکوری رۆژهەلاتەوە تا رووباری دیالە ولە باشوری رۆژهەلاتیشەوە تا چیای زاگرۆس درێژ دەبێتەوە.(احمد، بدون سنه الطبع: 14-15)

توفیق وەهبیش بەمجۆرە باسی لە ناوچەی گەرمیان کردووە:" سیستەمی دەسەلاتی مەسیحیەکان لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا ولاتەکانی ژێر دەسەلاتیان ئەوانەی کورسی مەترانی تێدا بووە، دابەشیان کردوەتە سەر چەند هەرێمێکو یەکێک لەو هەرێمانە باگرمێ (گەرمیان) بووە، کە سنورەکەی لە باکورەوە زنجیرە چیاکانی هەورامانو باشوری چیای حەمرینەو رۆژهەلاتی رووباری سیروانەو زێی بچوک سنوری رۆژئاوایەتی، ئەم هەرێمە هەردوو لیوای کەرکوکو سلێمان دەگرێتەوە جگە لە پشدەر، ناوەندی باگرمێش شاری کرخ سلوخ (کەرکوک) بووە".(شاکەلی، 2003: 15-16)

سەرچاوە سریانیەکانیش بە کەرکوکو ناوچەکانی دەوروبەریان وتووە، باپ گەرمە، و سلوقیەکانیش بەو قەلایەی کەرکوکیان وتوە سەربەگ یاخود سەربوگ، کە لە ئێستادا هەندێک ووشەی نزیک بەم ناوانەی ساسانیو سریانی و سلوقیەکان هەیە، ووشەی گەرمەکان نزیکە لەووشەی گەرمیان کە کوردەکان ئێستا بۆ بەشێک لە ناوچە گەرمەکان بەکاریدەهێنن.(احمد، بدون سنه الطبع: 15)

عەرەبەکانیش ووشەی باجرمێ یاخود (حرمقان)یان بۆ ناوچەکە بەکاردەهێنا، کە مەبەستیان هەمان وشەی باگرمێ بووە، ئەم ناوچەیە جێگەی هەموو ئەو هێزو ئیمپراتۆریەتانە بووە کە بەدرێژایی مێژوو ناوچەکەیان داگیر کردووە.(طالبانی، 1995: 9)

لە ئێستاشدا گەرمیان ناوچەیەکی گرنگی کوردستانەو بەشێک لەم ناوچەیە بۆتە ناوچەی کێشە لەسەرو لە سنوری دەسەلاتی هەرێمی کوردستان کراوەتە دەرەوە، کە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانو شایەدی بەشێکی زۆری کوردناسەکان ئەم ناوچانە ناوچەی کورد نشین بوونو لەسنوری جوگرافی کوردستاندان.

**کەرکوک:-**

کەرکوک دەکەوێتە باشوری کوردستانەوەو یەکێکە لە شارەکۆنەکانی رۆژهەلاتی نێوەراست، مێژووی ئاوەدانی ئەم شارە بۆ سالانی نێوان(4500- 3500) دەگەرێتەوە دانیشتوانی رەسەنی کوردستان لە پێدەشتی ئەمرۆی شارەکەو لەسەر قەلای کەرکوک شارەکەیان بنیاد ناوە.(ئاغجەلەری، 2007: 21) ناوی کەرکوک لەکۆندا بە (بێت گرمای یان بادجیرما) ناوی هاتووە کە بەکلدانی واتای ماڵی ئێسکو پروسک دەگەیەنێ.(ڤیتال، 2014: 88-89) بەلام کینی ڤیتال دەڵێت جوگرافی ناسو ئارکیۆلۆگیەکانی ئەمرۆ لەسەر ئەوە کۆکن کە شاری کەرکوک شوێنی شاری کۆرکۆرای کۆنە، کەرکوک بریتیە لە کەرخە یان بێت سلوقی.(ڤیتال، 2014: 94)

ژان ئۆتەر لە پێناسەی شاری کەرکوکدا دەڵێت:" کەرکوک پایتەختی ویلایەتی شارەزورەو بەشێکە لە کوردستان، ویلایەتی شارەزور بریتییە لە (32) ناوچەو کەوتۆتە نێوان ئازەربایجانو عێراقی عەجەمو هەرێمی بەغدادو موسڵ و ئامەدیاو هەکاریا، بەشێکی زۆری ئەم دەڤەرە بەدەست کوردانی گۆرانەوەیەو گرنگترین ناوەندی ئەمانیش ناوی پلنگیانە کە گوندێکی گەورەیەو لەبەشی قزلجە دایەو قەلایەکی قایمیان هەیە، رێگەی دزەکردنی نییەو بەلاری لای ئێرانەو لەسەر کێوێک دروستکراوە".(ئۆتەر،2013: 89)

لەسەدەی هەژدەشدا کەرکوک ناوەندی مەڵبەندی شارەزوور بووە، لە پارێزگاکانی کەرکوکو هەولێر و سلێمانی نوێ پێکهاتبوو، لەلایەن کەسێکەوە سەرپەرشتی دەکرا کەلە بەغدا

دیاریکرابوو. لە نێوان ساڵانی (1869- 1872) بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە مەدحەت پاشا والی بەغدا ئەنجامی دان، ناوی شارەزووری کرد بە سنجاقی کەرکوک لەگەڵ پارێزگاکانی ئێستای سلێمانی و هەولێر.(ئیدمۆنز،2004: 323) لە ناساندنێکی تردا کەرکوک بەوە ناسراوە کە سەر بە ویلایەتی موسڵەو پارێزگا نشینە(سنجەق)ە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی گرنگی کوردنشینە ناوچەی سلێمانی خراوەتە سەر، لەسەر گردێکی قووچ قەڵایەک هەیە وەک خەڵکەکە ئەڵێن ئەمە شورەیەکی سەختی داکۆکی و خۆپاراستنو بەرگری کرنە.(نۆڵد، 2004: 28)

بەڵام کینی ڤیتال بۆچونێکی پێچەوانەی هەیەو پێی وایە کەرکوک شارەزوری کۆن پایتەختی کوردستان نیە، کە پاشماوەکەی لە باشوری رۆژهەڵاتی سلێمانیەوەیە، بە بۆچونی ئەو ئەم ناوەی شارەزوور کە دراوەتە پاڵ کەرکوک تەنیا بۆ ئەوە بووە تا ئاماژە بە تەواوی ئەو ناوچە دراوسێیانە بکرێت کە تاوەکو سەردەمی مەغۆل ملکەچی ئەربیل بوون.(ڤیتال، 93:2014) بەڵام ئەم بۆچوونە بەتەنها نابێتە هۆکاری یەکلایی کەرەوەی ئەم ناوچەیە چونکە زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کەرکوک بەشێک بووە لە سنجاقی شارەزوورو دواتر بە ویلایەتی موسڵ ناوزەد کراوە.

ئەو کوردناسو گەڕیدانەی رووپانکردۆتە کەرکوک بە شێوازێکی ناوازە باسی شارەکەیان کردووە، لەوانە ژان ئۆتەر دەڵێت:" لە (25)ی نیساندا گەیشتینە شاری ئاشوریەکان کە هێشتا کەلاوەکانی شارەکە مابوون، ئەم شوێنە لە نزیک تەنگەی بوغازییە، کە دەکەوێتە شوێنی بەیەکگەیشتنی زێی بچوکو روباری دیجلە، دەڵێن دارستانو گاشە بەردەکانی ئەو شوێنە لانەی شێرە، لەسەر چەمەکە پردێکی تازەیان دروستکردووە، کە ناوی (پردی زێڕ- ئاڵتون کۆپری)یە ".(ئۆتەر،2013: 51)

هەر لە وەسفی شاری کەرکوکدا وتراوە کە شوێنێکی زۆر کۆنەو بەدرێژایی مێژوو شار لەسەر شار لەسەر یەک دروستکراون، ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی گردێکی بەرز، کە بەسەر دەوروبەرەکەیدا دەڕوانێتو بەهەر چوار دەوریدا دیوار کراوەو بە جۆرێک بووەتە قەڵاو شارۆچکەیەکی قایم کە توانای بەرگری هەبووە. (هاملتن، 2013: 58)

هەروەها قەڵای کەرکوک زۆری لەبارەوە وتراوەو هەریەکە بە جۆرێک قەڵاکەی لە کۆنەوە بۆ نوێ وێنا کردووە، ژان ئۆتەر لەوەسفی قەڵاکەدا وتویەتی ئەم شارە لە دەشتاییەکدا هەڵکەوتوە کە چەند تەپۆلکەیەک بە مەودای جیاجیا لە دەوروبەری دەبینرێن، قەڵایەکی لەسەر بەرزاییەکی سەکۆ ئاسا هەیە، جۆگەیەکی بەناوی (کاسە سۆ) کە مەبەست چەمی خاسەیە، لێیەو مەڵبەندو نشینگەی پاشای ئەم دەڤەرە بووە. (ئۆتەر،2013: 51) هەروەها وتراوە کەرکوک لە کۆندا لەسەر گردێکی دەستکرد کە بە تێچویەکی زۆر لە سەر زەویەکی پانو بەرین بنیادنراوە، بۆ ئەوەی شوێنێکی سودمەندتر بە شارەکە ببەخشێو لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری خۆی بەرزترە.(ڤیتال، 93:2014) کەرکوک بەهەمان شێوەی ئەربیل لەسەر گردێکی ئاشوری بنیاتنراوە لەوێش شارەکە دابەشی سەرقەڵا یان بەرزە شارو نزمە شار بووە. (ریتۆرێ، 2008: 33) نیبۆریش ئاماژەی بەقەڵاکە کردووە بەوەی کە کەرکوک دەکەوێتە سەر گردێکی جوان، ئەم شارە سامانێکی زۆری تێدایە، بەڵام کەمتر ئاوەدانی پێوە دیارە، شوێنی لەسەر نەخشە هێڵی پانایی(39،35) پلەیە هیچ شوێنەوارێکی کۆنی شارە ئەسڵیەکە نەماوە کە دەکەوێتە سەر گردێکو زۆر سەختە، بەڵام گردەکە پڕیەتی لە دانیشتوانو شورایەکی بەرزی لە قوڕ دروستکراو دەورەی داوەو سەربازگەیەکی سوپای یەنیجیری تێدایەو پێی دەڵێن قەڵا. (نیبۆر،2013: 119) هاملتۆن ئاماژەی بەوەداوە کە لە ئێستادا قەڵا هەر شوێنی خانوو بەرەکانەو بازاڕو کۆگاو دوکانەکان بۆ پێدەشتەکەی خوار نزیک بە ئاوەکەی خاسە شۆڕبونەتەوە، کە زۆر جار لافاو ئەو ناوە دەخاتە مەترسییەوە، لەکاتی دەوڵەتی تورکدا، بە قایە پردێکی کەمەرەیی لەسەر ئاوەکەی خاسە دروستکراوە، کە توانای بەرگری تەوژمی لافاوی زۆری هەبوو، بەڵام پایەکانی ناوەڕاستی بە ئاو خوراونەتەوەو کەندڕبوون، بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە، شێلمانی ئاسنین بەمبەرو بەو بەری کەمەرەکاندا رایەڵکراوە بۆ پاڵپشتو رایەڵکردنی پردەکە،

ئەمەش لەکاری ئەندازیاریدا بوەتە دیمەنێکی تێکەڵەی سەیری کۆن و نوێ. (هاملتن، 2013: 58) ئیفزیش دەڵێ ئەو قەڵایە کاتێک باران دەبارێت و ئاو لە دەوری کۆدەبێتەوە وەک دورگەی لێدێت. (هەروتی، 2014: 66) وبەشی نوێی شارەکە کەوتۆتە خوارەوەی قەڵاکە لە پشت دیوارەکانیەوە کە دەکەوێتە لای رۆژئاوای روبارەکەوە، شارەکە بە گومەزو منارەکانیەوە کەلە هەندێ مزگەوتەوە بەرز دەبونەوە جوان بووە، هەروەها کۆشکی فەرمانڕەوای شارەکەش مەزن و قەشەنگ بووە، کاتێک هێمنی باڵی بەسەر خەڵکدا کێشاوە، کاتی تیادا بەسەر بردووە.(سندی، 2008، 596)

بەشێکی شاری کەرکوک لەسەر تەپۆلکەیەکی لاکێشەیی دروستکراوە کە ئەو تەپۆلکەیە (120) پێ لە دەشتەکە بەرزترەو بەشەکەی تریشی بەسەر هەردوو رۆخی روبارە خیزەڵانەکەی خاسەچای سازکراوە، زۆربەی خانووەکانی لای رۆژئاوای تەپۆلکەکە رووخاون و بنەماڵە مسوڵمانە ناسراوەکانی شار لەو بەشە خانوە نوێیەدا ژیاون، کە لە ژێر تەپۆلکەکە هەڵکەوتوون. (ئیدمۆنز،2004: 322) ئارهەی دەڵێت قەڵا لە شوێنە دیارەکانی کەرکوکە کە مێژوەکەی بۆ سەدەی پازدەهەمی بەر لە زاین دەگەڕێتەوەو لە ساڵی (1933) لەسەر ئەو گردەی کە لەسەری دروستکراوە هەندێ سواڵەتی سورکراوە دۆزراونەتەوە کە نوسینی بزمارییان لەسەربووە، دەڵێن گوایە گۆڕی هەندێک لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیلی لەیەکێک لە مزگەوتەکاندایە، وەک دانیال و میخائیل و خەنانیاو ئەلیعازەر عەزاریاو جولەکەکانیش باوەڕیان پێبووەو سەردانیان کردوە. (ئارهەی، 2010: 382) سەبارەت بە ئاماری سەرژمێری ماڵەکانی سەر قەڵاکە لە رووی پێکهاتەی ئاینیەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە قەڵاکە نزیکەی (6)هەزار ماڵێکی تێدا بووەو (150) ماڵی مەسیحی و (300) ماڵی جوشی لێ ژیاوە.(بەغدادی، 2014: 61)

سەرباری ئەوەی زۆر باس لە جوانی شارەکە کراوە بەڵام ئەوەش خراوەتە روو کە کەرکوک شارێکی پیس بووە، لەمبارەیەوە نیبۆر ئەوەی خستۆتە روو کە ئەو شوێنەی پێی دەڵێن قەڵا پیسترین شوێن بووە کە تا ئێستا بینیبێتی و ماڵەکانیشیان لەوپەڕی پیس و پۆخڵی و خراپی دا بووە. (نیبۆر،2013: 120) بەشی هەر زۆری قەڵای کەرکوک بە تاوێری گەورە دروستکراوە ئەوەشی خستۆتە روو کە هەموو جۆرە پیس و پۆخڵییەکی ئاسایی تێدا بووە، هەوای بۆگەن و شوێنی داخراوبووە. خانوەکان شان بەشان لە تەنیشت یەک دروستکراون وێڕای ئەوەی هەموو پێداویستی دانیشتوانی شارەکەی دابین کردوە، بەڵام بازاڕەکەی تەسک و تاریک و دڵتەنگە.(سندی، 2008، 595)

لە رووی بازرگانی و کشتوکاڵیشەوە کوردناسەکان بە ناوچەیەکی دەوڵەمەندیان لەقەڵەم داوە، ئاماژە بەوە کراوە کە کاردۆخیای کۆن و ناوچەکانی دەورو پشتی کەرکوک ناوچەی کشتوکاڵین و دانەوێڵەی گەنم و جۆ دەچێنن وکوێستانەکانی ترێ و هەنجیرو قەیسی بەرهەم دێنن. (سندی، 2008، 596) دوکان و بازاڕو چایخانەو کاروان سەراو شەقام و جادەکانی کەرکوک وانیشان ئەدەن کە لەم شارەدا کارو کاسبی و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنێکی گەرم و گوڕ لەبرەودابێت.(نۆڵد، 2004: 29) ئەم ناوچە بەرفراوانە سروشتێکی خودا پێداوی هەبووە پێدەشتەکانی گەنمی لێ دەچێندرێ و چیاکانی میوەیان بە هەموو چەشنەکانیەوە لێیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کارخانەوکار، بەبەراورد بەوەی کە دەتوانرێ بەرهەم بهێنرێت، زۆر کەمی لە زەوی دەردەهێنرێت، سەرباری ئەوەش دانیشتوانەکەی لە زۆر جێگەدا زۆر پەرتو بڵاون.(ڤیتال، 89:2014)

لە راپۆرتێکی سیاسی ئینگلیزەکاندا ساڵی(1923) ئاماژە بەوە کراوە کە بەرهەمی سەرەکی ئەم شارە گەنم و جۆیە برنج کەمتر دێننە بەرهەم لە گوندەکانی دەوروپشتی شارەکەش پاقلە دەچێنرێت، هەروەها شوتی و خەیارو کەمێک تریش بەرهەم دەهێنرێت، خەڵکی ناوچەکە زیاتر خەریکی پەروەردەکردنی مەڕو ماڵاتن شارەکەش بە شێوەیەکی گشتی بە دەستی کەمی ئاوەوە دەناڵێنێ بۆیە پەنا دەبەنە بەر هەڵکەندنی بیر، وێڕای ئەوە کەرکوک بە چاندنی لۆکەو ناردنی بۆ دەرەوە بەناوبانگە نەوت یەکەمین کەرەستەی هەناردە پێکدەهێنێ، کە لە بیرەکانی بابەگوڕگوڕەوە دەردەهێنرێت بە دووری(5) میل دەکەوێتە رۆژهەڵاتی

شارەکەوە.(سندی، 2008، 597) بەڵام ریتۆری بۆچونێکی جیاوازی هەیەو دەڵێت زۆری ئاو رێگەی پێداون باخچەی گەلێک جوان دروست بکەن، کە هەموو درەختە گەرمەکانی تێدابێت، دار پرتەقاڵ، دار هەنار، لیمۆ، دارخورما، لەگەڵ گوڵاو بۆنە ئاوێک بەکاردەهێنن کە عادەت وایە بەسەر جل و بەرگی ئەو کەسانەدا دەیپرژێنن کە هاتوون سەردانیان بکەن، دارخورما لە هەموو ماڵێکی نزمە شاردا دەبینرێت بە هێشووی گەورە تێکەڵی منارەو گومەزی مزگەوتەکان بووە، ئەمەش دیمەنێکی دڵرفێنو رەنگێکی تەواو رۆژهەڵاتیانەی بەشارەکە بەخشیوە.(ریتۆریٚ، 2008: 33) هەروەها ڤیتالیش هەمان بۆچوونی ریتۆریٚ پشت راست دەکاتەوەو دەڵێت ئەم شارە هەرچەندە خراپ بنیادنراوە بەڵام زۆر پڕ جوڵەیە، بازاڕەکانی زۆر پڕ کەلوپەلن، لە سۆنگەی زۆریی زەوییەکانی شارەکەو زۆری ئاو تێیدا وای کردووە باخچەگەلی زۆر جوانی تێدا بنیات بنرێت، کە هەموو درەختی وڵاتە گەرمەکانی تێدایە.(ڤیتال، 94:2014)

بارۆن لە وەسفی باخچەی کەرکودا دەڵێت:"ناکریٚ باسی باخچە جوانەکەی سەرا نەکەم باخێکی پانو بەرینو پاکو خاوێنو پڕ لە دارو درەختە، درەختەکانی سێبەری باشیان هەیەو لە هەندیٚ شوێندا وەک کەپریان لێهاتووە بەچەند جۆگاو کەناڵێک باخچەکە ئاوی پێویستی بۆ دابین کراوە لە هەموو لایەکدا گوڵو گوڵزار دێتە بەرچاو".(نۆڵد، 2004: 29)

بەڵام پۆرتەر دەڵێت (1822) دیمەنی کەرکوک لە دورەوە دڕندە ئاسا بووە ئەگەریش ئەو بڕە دارە نەبوایە کەوا لە نێو بێستانەکانی دەوروبەری شارەکەوە دیار بوون وەک خاکێکی رووت دەکەوتە بەرچاو.(سندی، 2008، 595) بێگومان بوونی سەوزایی و کشتوکاڵ پەیوەست بووە بە ئاوو هەوای ناوچەکەوە، ئەم ناوچەیەش ناوچەیەکی گەرم بووە هەروەها پەیوەست بووە بە پێگەی سیاسیو سەربازییەوە، بۆیە لە هەندێک سەردەمدا رووتەنو لە هەندێک کاتی تردا پڕ سەوزایی بووە، بەڵام بە شاهیدی بەشێک لە کوردناسەکان کەرکوک لە کۆندا ناوچەیەکی سەوز بووەو لە ئێستاشدا بایەخە کشتوکاڵیەکەی خۆی لە دەست نەداوەو ناوچەیەکی کشتوکاڵی گرنگە.

هەروەها کەرکوک مەڵبەندی بازرگانیش بووە، دەستەی بۆرژوازی شار، لێرەدا کاریگەرییان کەم نەبووە، نوێنەری ئەمانە ئاسوری- کلدانیو جوو بوونو هەندیٚ لەمانە هەر لەوکاتەشدا دەرەبەگی گەورەش بوون. (مینتشاشڤیلی، 2018: 39)

لە رۆژئاوای کەرکوکیشدا چەند کەناڵێکی کۆنی ئاودێری پڕ ئاو کردووە، ئەو روبارە هەمیشە رێگایەکی گرنگی گواستنەوە بووە، جیا لە کەڵەکی دار کەڵەکی سازکراو لە مەشکەی پاکراویشی پێدا رۆیشتووە، ئەو کەڵەکانە، هەرزانترینو ئاسانترین ئامرازی گواستنەوەی دانەێڵەو بەرهەمەکان بوون لە باکورەوە بۆ باشور. (ئیدمۆنز،2004: 40)

زۆری کانە نەوتو پێگە ئابورییە گرنگەکەشی جێگەی سەرنجو قسەو باسێکی زۆری کوردناسو گەڕیدەکان بووە، میولەر دەڵێت:"پاش شەوێکی ساردو ئاسمانێکی بیٚ گەردو تەنیا کەمێک خەوتین، نزیکی بەیانی زۆر بە شەکەتی گەیشتینە کەرکوک ئەو شارەی کە جێی نەوتێکی زۆرەو دەروازەیەکە بۆ کوردستان". (میوولەر، 2011: 72)

شارەکە وا پێدەچێت لەسەر زەویەکی بورکاناوی دروست کرابیٚ، لە دەرەوەی شورەی شارەکەو لە نزیک ئەو گردانەی لە نزیک شارەکەن بە شەقاری زەوییەکەدا لە زۆر جێگەدا ئاگریٚ َکی شینباوی لیٚ بەرز دەبێتەوە کە بەزمانی بازاڕی پێی دەڵێن (بابە گوڕ گوڕ)، لەسەر رێگەی ئالتون کۆپری سەرچاوە گەلێکی نەوت هەیە، لە کۆنا لەلایەن ئیگزەنەفۆنەوە ناوی براوە، ئەم نەوتانە هەر بەدەرنەکراوی ماونەتەوە لە ناوەڕاستی ئەم چاوگە نەوتانەشدا جۆگەلە ئاوێکی روون هەڵدەقوڵیٚ کە ئاژەڵەکان بە تێرنەخۆری ئاوی لیٚ دەخۆنەوەو ئاوەکە زوو قەڵەویان دەکات، هاوشاریەکان لایان وایە ئەم ئاوە چارەسەرێکی باشە بۆ هەندێک نەخۆشی پێست.(ریتۆریٚ، 2008: 33- 34)، لە ئێستاشدا لە چەند شوێنێکی کوردستان ئاوی گۆگرداوی هەیە کە خەڵکی بۆ نەخۆشی پێست بەکاری دەهێنن.

ژان ئۆتەر دەڵێت:" بە ماوەی 2 سەعاتێک لەولای کەرکوکو لە کەناری رێگەی کەرکوکدا تەپۆلکەیەکی لێیە، پیٚی دەڵێن (بابا گور گور) ئەگەر لەویٚ زەوی هەڵکەندریٚ شتێک دەێتە

دەرەوە، کە لە هەوای ئازاددا دەسوتێو ئاو دەکوڵێنێ، بەڵام ئەگەر خۆڵو گڵ بەسەر بڵێسەی ئاگرەکەدا بکەن دەکوژێتەوە، کەمێک لەولاترو لای خۆرئاواوە سێ چاوگە نەوتی لێیە کە بەقەبارەی جۆگەیەکیان لەبەر دەڕوات، ئەگەر لۆکە یان پەرۆیەکی ئاگراوی بخەنە ئەوێوە قرمەیەکی گەورەی لێدێتو بڵێسەیەکی بەرز هەڵدەستێ، تا کاتێک چەورایی نەوتەکە بمێنێ ئەو کڵپەیەش بڵێسە دەستێنێو دوای تەواو بوونی نەوتەکە دەکوژێتەوە، هەر لەو نزیکانەدا کانییەکی لێیە کە ڕەزینی لێ دێتە دەر کە هەر قیرەو گەر کەسێک ئاگای لە خۆی نەبێ پێی تێبکەوێ تیایدا دەچەقێو ئیدی ناتوانێ بێتە دەرەوە، ... لە ڕێی کەرکوک داقووق کە هەشت سەعات ڕێ لەوێوە دورە لە نزیک چۆمێک کە هەر بەو ناوەوەیە کانیو سەرچاوەی نەوت بەرچاو دەکەوێ".(ئۆتەر،2013: 52)

هاملتۆنیش ئاماژەی بەوە کردووە لە کۆنەوە نزیک کەرکوک گڕێ َک هەڵدەستێت بە هۆی دەرپەڕینی گاز لە زەویەکەوەو لە ناوچەکەدا وا باوە ئەمە بریتیە لە تەنورە سورەوە بوەکەی پەرتوکەکەی (دانیال)، ئەم شوێنە بە کوردی پێی دەڵێن (بابە گوڕ گوڕ).(هاملتن، 2013: 58) جاکسۆنیش باسی لەوە کردووە کاتێک گەیشتونەتە شاری کەرکوک لەسەر چەند بەرزاییەک چەندین بیری نەوتیان بینیوە، ئەو شوێنەش پێیان ووتوە بابا گوڕگوڕ، هەر بیرێکیش 3پێ قوڵ بووە، نەوت لەوێدا گەلێک زۆر بووەو لەسەر ئەو بیرانەش بەردی گەورەی خوێی لێ بووە.(جاکسۆن،2013: 6- 65) نیبۆریش بەهەمان شێوە باسی لەوە کردووە کە لە نزیکی کەرکوک سەرچاوەی قیرو نەوت هەیە، لەوێ جێگایەکی لێیە پێی دەڵێن بابا گرگر ئەم شوێنە زۆر سەرسورهێنەرە بەتایبەتی زەویەکەی زۆر گەرمە بە شێوەیەک کە دەتوانرێت گۆشت و هێلکەی تێدا ببرژێت، پیاو پێویستی بە هیچ نیە تەنها چاڵێکی بچووک هەڵبکەنەو ئەو شتەی تێکەو بۆ خۆی دەبرژێت خەڵکی بۆیان گێرامەوە کە لەم شوێنەوە ئاگرێکی گەورە بەرز دەبێتەوە کە زۆر جار خەڵکی بۆ خۆشی دەچن سەیری ئاگرەکە دەکەن.(نیبۆر،2013: 121)

لازەریف دەڵێت یەدەگی نەوت لە ژێر خاکی کوردستان ئێجگار گەورەیە، لە هەمووشیان دەوڵەمەندو بە بەهەم تر کانە نەوتەکانی کەرکوک کوردستانی عێراقە، ئەم کانانە کەوتوونەتە پێ دەشتە باشورییەکانی باشورەوە بایەخێکی جیهانیان هەیەو لە هەندێ شوێنی تری کوردستانی عێراقدا بۆنموونە لە سەرووی موسڵەوەو لە ناوچەی خانەقین نەوت دەردەهێنرێتو لە پارچەکانی تری کوردستانیشدا بۆ نموونە لە تورکیا لە سێکوچکەی گازران گیرمیک رامان، لە ئێران لە قەراخی کرماشانو لە کوردستانی سوریەش لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە هەیەو دەردەهێنرێت، نەوتەکەی کوردستان کێشو قورسایی ئابوری هەیەو بوەتە فاکتەرێکی سیاسی جیهانیشو خەسڵەتی تایبەتی خۆیی هەیە.(لازەریف، 2004: 98)و لە 20%ی یەدەگی نەوتی عێراق دەکەوێتە ناوچەکانی باکور لە کەرکوکو خانەقینو موسڵ( Ferris, fellow, stoltz, assistant, 2008: 5)، هەموو ئەو زانیاریانەی لەسەر نەوت باسکراون لەلایەن کوردناسەکانەوە، لە کەرکوکو دەوروبەری ئاماژەیان بە کوردستانی بوونی ناوچەکە کردووە.

سەبارەت بە دانیشتوانی شارەکەو ڕێژەی نەتەوە جیاوازەکانی شاری کەرکوک جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت، هۆکاری ئەم جیاوازیانەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیو پڕ بایەخی ئەم شارە، بۆیە هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەواییە جۆراو جۆرەکاندا هەوڵی گۆڕینی ناسنامەو ڕێژەی نەتەوەکان دراوە بەوجۆرەی کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێت، هەروەک بارۆن دەستی خستۆتە سەرو باس لە سیاسەتی یەکێک لەو دەوڵەتانە دەکاتو دەڵێت، بە هۆی ئەوەی کەرکوک شارو ناوچەیەکی بایەخ دارو گرنگە بۆیە تورکیا بە چاوێکی تر دەیڕوانیە ئەم شارەو بۆ ئەو مەبەستەش نزیکەی 4500 چەکداری دەوڵەتی لە و شارەدا مۆڵ دابوو.(نۆڵد، 2004: 28) بەهەمان شێوە دەسەڵاتدارانی شارەکە هەمیشە لە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکەدا بوون.

میتشاشقیلیش زۆر بە ڕوونی هۆکاری زیاد بونی ڕێژەی تورکمانی لەو شارەداخستۆتە ڕوو، کە تا جەنگی جیهانی یەکەم دانیشتوانی کەرکوک نزیکەی (30) هەزار کەس

بوون‌و، زۆربەی گەڕەکەکان لەلایەن تورکەوە ئاوا کرابوونەوە، خەڵکی شار بەزۆری بە تورکی قسەیان ئەکرد، تەنانەت بەشێک لە خێزانە ئەرستۆکراتییەکانی ویلایەتەکە کەلە بنەچەدا کورد بوون خۆیان بە تورک ناو ئەبرد، لە نێویاندا نەوتچی زادە، خاوەنی پیشەگەری نەوت‌و یەعقوبی زادە خاوەنی زەوی لە تیرەی زەنگەنەو قیردارەکان بازرگان‌و دەرەبەگ‌و کەسانی تر.(مینتشاشڤیلی، 2018: 38-39)

ئیدمۆنزیش ئاماژەی بەوە داوە کە بنەماڵە گرنگ‌و دەوڵەمەندەکانی شار یا تورک بوون یان ئەگەر کوردیش بونایە خۆیان بە تورک دەناساند.(ئیدمۆنز، 2004: 323)، ئیگلتن دەڵێت ناوچەی باشور چەند شارێکی گرنگی تێدایە لەوانە سلێمانی هەولێر، کەرکوک‌و ئەمەی دوایی نیوەی کوردیە. (ئیغلتون، 2006: 96)

ئیدمۆنز دەڵێت ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوک لەم سەردەمەدا کە باسی لێ دەکەین نزیکەی (25) هەزار کەس بووە، زۆربەی دانیشتوانی تورکمان بوون یەک لە چواریشی کوردان پێکیان دەهێنا، جەماوەرێکی بچووکی عەرەب، مەسیحی‌و جولەکەشی تێدا بوون.(ئیدمۆنز، 2004: 323)

ئەم بۆچوونەی ئیدمۆنز وابەستەیە بەهۆکاری بوونی سوپای تورک‌و دەسەڵاتدارانی تورک لەو شارەدا، هەروەک مینتیشاشڤیلی ئاماژەی پێکردووە کە گەورەترین سوپای تورک لە کەرکوکدا بووە، لەسەدەی هەژدەهەمەوە کەرکوک مەرکەزی لیوا سنجاقی شارەزوری عوسمانی بووە، کەرکوک بە خاڵی پشت پێ بەستنی سوپاگەی تورک ماوەتەوە، لەبەر ئەوە دانیشتوانی تورک لێرە هەبوون، هەر لە زووەوە مەڵبەندی مۆڵدانی ئەو فەرمانبەرە مەدەنی‌و ژاندارمانە بووە کە حکومەتی تورک پشتی پێ ئەبەستن.(مینتشاشڤیلی، 2018: 38) بەڵام لە گەشتنامەکەی ئاکلیماندا بەناوی گەشتێک بەناو کوردستانی جنوبی عوسمانی لەکەرکوکەوە تا ڕەواندوز کەلە ساڵی (1866)لە گۆڤاری یاداشتنامەی کۆمەڵەی جوگرافی ژنێف بڵاوکراوەتەوە یەکێکە لەو سەرچاوە دەگمەنانەی کە پڕە لە زانیاری لە بارەی کوردستان بە تایبەتی لەبارەی کەرکوکەوە دەڵێ شاری کەرکوک سێبەشی کوردە و کەرکوک بە دەروازەی چوونە نێو کوردستان دەژمێردرێ. (پوژۆلا،2009: 16- 17)

لە راپۆرتی کۆمسیۆنی باڵای موسڵدا هاتووە، کە هاودەنگی کەمتر لەسەر بیروبۆچونەکان دەربارەی لیوای کەرکوک دەبینرا و شیکار کردنیشی ئاسان نەبوو، دانیشتوانی کەرکوک زیاتر هەمەڕەنگ بوون، نزیکەی سی‌و حەوت هەزار عەرەب، زیاتر لە چل و حەوت هەزار کورد، بیستو شەش هەزار تورک‌و لە کۆتایشدا دوو هەزارو پێنج سەد مەسیحی لەو شارەدا دەژیان. (wirsn،2010:11) شەمسەدینی شامی کە بە ڕەچەڵەک ئەلبانییە، لە کتێبی قاموس ئەعلامدا، کە لە ماوەی ساڵانی (1889- 1898) نوسیبیەتی، لەبارەی شاری کەرکوکەوە دەڵێت:" سێ لەسەر چواری دانیشتوانی کەرکوک لە کورد پێکهاتووە و چارەکێکیشی لە تورک و عەرەب‌و ئەوانی تر پێک هاتووە، و نزیکەی (760) جولەکەو (460) کلدانی تێدا دەژیت.(کران،2018: 16)

سەبارەت بە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە مێریلاگالێتی ئاماژەی بەوە کردووە کە دروست کردنی کۆمپانیاکانی نەوت لە کەرکوک هۆکارێک بووە بۆ گۆڕینی شێوەی نەتەوەیی وکۆمەڵایەتی شاری کەرکوک، تەنانەت کۆمپانیا بەریتانیەکان ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان لە ناوچەکانی ترەوە هێناوەو لە کەرکوک نیشتەجێیان کردون کە زۆربەیان لە ئاشوری‌و عەرەب بوون‌و لە نزیک ناوچە نەوتاوییەکان نیشتەجێیان کردون. (Galletti, 2005: 22)، هەر ئەم سیاسەتەش وایکردووە کە بڵێین کوردەکان پەیوەندیەکی مێژوویی‌و سۆزداری زۆر قوڵیان بەکەرکوکەوە هەیەو وەک شارێکی کوردی تەماشای دەکەن‌و بە پایتەختی دوارۆژی ناوچە کوردیەکان تەماشای دەکەن.( Ferris, fellow, stoltz, assistant, 2008: 4)

کاپتن لاین ئاماژەی بەوە کردووەو کە لە کەرکوکدا ڕەگەزی تورک باڵادەست بووەو ژمارەیەک عەرەبیش لە لیوای کەرکوکدا بونیان هەبووە، سەرباری ئەوەی کوردەکان ژمارەیان زۆر زیاتر بووە، کەچی تورکەکان کاریگەری سیاسیان بەهێزتر بووە(لاین، 2007: 103) هەرچەندە تورکمانەکانیش بوونی خۆیان لە عێراقدا نەک هەر بەرابردویەکی دێرین

دەبەستنەوە بەڵكو بونیان بە ژیارە بەهێزەكانەوە گرێدەدەن، بەڵام بە پێچەوانەی كوردو ئاشوریەكانەوە بوونی توركمان لە عێراقدا بۆ سەردەمێكی نوێ دەگەڕێتەوە دان بەوەشەدا دەنێن كە رەچەڵەكیان بۆ هۆزە توركمانەكانی ئاسیای ناوەند دەگەڕێتەوە كە بەرەو نیمچە دورگەی عێراقو ئەنادۆڵ كۆچیان كردووەو ئەو كۆچكردنەش لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عەبباسیدا لەوپەڕیدا بووە.(ئەندرسن، 2013: 31) بەڵام لە راستیدا نە لە مێژووی كەركوكی مەسیحیو نەلە مێژووە كوردیەكەیدا ئاماژە بە بوونی عەرەب نەكراوە تەنانەت لەماوەی ساسانیەكانیشدا بەهەمان شێوە ئاماژە بە توركمان نەكراوەو ئەویش لەبەرئەوەی كۆچكردنیان بۆ كەركوك بەو قەبارەیە نەبووە كە كاریگەری هەبووبێت. هەرچی دەركەوتنی عەرەبیشە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی شاڵاوەكانی ئیسلام بۆ وولاتی میزۆپۆتامیاو چیاكانی زاگرۆس لە باكورەوە خۆی دەبینێتەوە. مێژوونوس كەمال مەزهەر دەڵێت فەتحی ئیسلامی یەكەمین لێكەوتنی راستەوخۆو فراوانی عەرەب بووە بۆ كوردو كوردستانو كەركوك.(ئەندرسن، 2013: 30) مێریلا گالێتیش ئاماژەی بەوە كردووە كە ناوچەی كەركوك كەبە نەوتو زەوی كشتوكاڵیی دەوڵەمەندە، هۆكاری هەرە سەرەكی بووە كە دەسەڵاتدارانی پێشوو مەبەستی لە (توركە عوسمانیەكانە)، لە هەوڵی نیشتەجێ كردنی توركماندا بوون لە ناوچەی بابا گوڕگوڕی نزیك كەركوك، كە بە بوونی نەوت بەناوبانگە.(Galletti, 2005: 22) هەروەها بەپێی سەرژمێری مەزەندە كراوی بەریتانیەكان لە ساڵی (1919)، رێژەی نەتەوەكانی لیواكەی بەمجۆرە دیاریكردووە، كورد (61،4%)، توركمان (28،6%)، عەرەب (1،8%)بووە. (بێ ناوی نوسەر، 2006: 30)

ئەمە جگە لەوەی لەسەردەمەكانی دواتریشدا هەوڵدراوە كە رێژەی كورد لەو شارەدا كەمبكرێتەوە، لە سەردەمی بەعسیشدا لە ساڵانی (1970)دا كردەی بەعەرەبكردنی كەركوك كە رژێمەكانی پێشوو دەستیان پێكردبوو، پەرەیپێدرا بەمەبەستی گۆڕینی روخساری شارەكە، ئەویش بە دەرپەڕاندنی كوردەكانو كەمایەتیەكانی تر لە كەركوكو بەعسیەكان كەمایەتیەكانیان لە مافی موڵكدارێتی قەدەغە كردو بەڵگەنامە موڵكایەتیەكانیان پوچەڵكردنەوە.(بێرد،2018: 247)

**دوز خورما توو: -**

خورماتوو یەكێكە لە شارە كۆنو دێرینەكانی باشوری كوردستان دەكەوێتە دامێنی شاخی هەنجیرە، بەتەنیشتیدا چۆمی ئاوە سپی تێپەڕدەبێت، پێش دەستپێكردنی قۆناغە مەترسی دارەكانی ئەنفال، ئەم شارە لە رووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای كەركوك بووە، دواتر لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبكردنو راگواستندا لە ساڵی (1976) بە بڕیارێكی كۆماری خورماتوو لكێندراوە بە پارێزگای تازە دروستكراوی (صلاح الدین_ تكریت)ەوە.(بارام،2006: 10)

خورماتوو بە دوری 88كم لە سەر رێگای (بەغداد- كەركوك- سلێمانی)ەو دەكەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی شاری كەركوكەوە، رووبەری ئەم قەزایە بە پێی سەرژمێری ساڵی (1957) (6991كم2) بووە، لە دوای قەزای كەركوك بە پێی روبەرو ژمارەی دانیشتوانی بەرلەوەی بخرێتە سەر پارێزگای سەلاحەدین گەورەترین قەزای پارێزگای كەركوك بوو.(محەمەد،2006: 38- 39) ئەم قەزایە بە یەكێك لە قەزا گرنگەكانی پارێزگای كەركوك دادەنرێت،كە بایەخێكی تایبەتیو هەروەها بەهای ئابوری خۆی هەیە لە رووی ئەوەی سەرچاوەیەكی گرنگی ئاوو رووبارو بوونی چیاو هەروەها زەویەكی دەوڵەمەندە بە كانزای گرنگی جۆربەجۆرو بوونی رێژەیەكی بەرچاو لە نەوت تیایدا. (ئەژی،2002: 5)

ژان ئۆتەر كە لەسەردەمی نادر شادا هاتۆتە ئەم ناوچەیە بە گوندێكی گەورە ناوی دەباتو دەڵێت:" توزخورما گوندێكی گەورەیە، لێرەدا كە ئاو دەبێ بەهەڵم و خوێی لێ دروست دەبێ ئەم گوندە داری خورمای هەیەو ناوەكەشی لە دوو وشەی (دوز واتە خوێ و خورما) وەرگیراوە، كانە نەوتی زۆریشی لێیە، نەوتەكەی بەسەتڵو جام هەڵدەهێنجنو كەڵكی لێ وەردەگرن، پاش ئەوەی ماوەیەك سەتڵە نەوتەكە دادەنێن، ئەوسا دەنیشێو بەشەكەی سەروی بۆ سوتان بەكاردەبەن".(ئۆتەر،2013: 52- 53)

دەربارەی ناوی دوزخورماتوو راو بۆچونی جیاواز هەیە، هەندێكیان پێیانوایە كە گوایە لە ناوی خوێو خورماوە

**هاتووە کە خوێ بە تورکی مانای توز دەگەیەنێت، هەندێکی تر جیاواز لەم بۆچوونە دەڵێن کە گوایە ئەم ناوە بنەڕەتێکی ئاشوری هەیە کە لەسەردەمانێکی زوودا پێی وتراوە (خیرمتی) لە دوایدا گۆڕاوە بۆ خورماتوو، ئینجا بێژەی (دوز)ی بۆ زیاد کراوە بە مانای جێگای خوێ و ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین، دەبینین کە ئەم ناوچەیە بە خوێ بەناوبانگە(ئەژی،2002: 8) هەر دەربارەی رەگو ریشەی ناوی شارەکە ئاماژە بەوە کراوە کە لە بنەچەدا ناوەکە خورماتووە نەک دوز خورماتوو، یان گوز خورماتوو ئەم ناوەش لە دوو وشە پێکهاتووە (خۆر) بە واتای خورییەکان و (ماتوو) لە زمانی ئەکەدیدا بەمانای شار دێت کەواتە هەردوو وشەکە پێکەوە بەواتای شاری خورییەکان دەگەیەنێت.(بارام،2006: 20) بەشێکی زۆر لە کوردناسەکان لە بنچینەی ناوی شارەکە نەکۆڵیونەتەوەو کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ناوە تورکیەکە کە لە خوێوە وەرگیرابێت، ئیدمۆنزیش بەهەمان شێوە پێی وایە ناوی ئەم ناحیەیە لە ژمارەیەک کانگای خوێوە وەرگیرابێت، کەگوتنی وشەی دووز بە زمانی تورکی بە واتای خوێ دێت.(ئیدمۆنز،2004: 237- 238) هەروەها کینی ڤیتالیش ئاماژەی بەوە کردووە کە ناوەکەی بەواتەی خوێو خورما دێت.(ڤیتال، 2014: 97-98)**

**بەو پێیەی ئەم قەزایە دەوڵەمەندە بەسەرچاوەی کانزایی وەکو نەوتو گۆگردو بەردی چیمەنتۆ (خوێ ڤیر بەتایبەتی لە چیای خورماتوو) هەروەها ئاسەواری زۆری تێدایە وەکو منارەی (داقوق)و پردی بەردینی داقوقو مەرقەدێکی زۆری سەردەمە ئیسلامیەکان.(ئەژی،2002: 6-7) بۆیە بەهەمان شێوە کوردناسەکان باسیان لە گرنگیو دەوڵەمەندی ئەم ناوچەیە کردووە. لەوانە ریچ دەڵێت:" توزخورماتوو دەکەوێتە نزیک دورگەکانی کفریەوە لە خۆرئاوای ئەو دەربەندەیە کە رێک ئەو زورگانە دەبڕێو (ئاق سو)ی پیا دێتە دەشتەکەوە، لەم دەربەندەدا بیرە نەوتێک و خوێڵێنێک هەن، کەمێک لە خوار ئەو زورگانەشەوە بیرەنەوتێکی تر هەیە، بەڵام خوێڵێنی لێ نیە، بەیانی بە پەرۆشەوە بۆ دیتنی عەنتیکەکانی قەراغ شار لەخەو هەڵسام بیرە نەوتەکەش کەوتۆتە دەربەندی زورگەکانەوەو میلێک لە باشوری خۆرهەڵاتی شارەکەوە دوور دەبێ، لەبەرئەوەش کە کەوتۆتە ناوەندی چەمەکەوە ئاو سەری دەکەوێ، لەبەر ئەوە ماوەیەک پەکی دەکەوێ، قوڵایی چاڵەکە 15 پێ دەبێ 10 پێش ئاوی تێدا دەبێ، کە نەوتی رەشی تواوەی بەسەرەوە دەگرنو ئاوەکەی دەکەنە جۆگەیەکەوە کە دەڕژێتە کۆمەڵێک حەوزی بچوکی درێژکۆلەوە کەلەناو ئەو چەمەدا هەڵکەندراون ئیتر وازی لێدێنن تا وشک ببێتەوەو دەبێت بە خوییەکی چاکی دەنک وردو سپی بریقەدارو بەشێکی زۆری ئەم خوییە بۆ کوردستان دەنێردرێ".(ریچ،:2002: 51 – 52)**

**لە کفریەوە بۆ دوزخورماتوو حەوت فرسەخ رێگایە چەمێک هەیە باراناوی پیادا دەڕوا لە هاویناندا وشکە پێی دەڵێن (قوری چای) یانی چەمە وشکە بەهاران لە کاتی باراندا بوار نادات تا ئاوەکەی دەنیشێتەوە. لە دەوروبەری هۆزی بەیات نیشتەجێن کە نزیکەی هەزار ماڵ دەبن بە کوردی و عەرەبیو تورکی دەدوێن، هەندێکیان شیعەنو هەندێکیشیان سوننەن، ئەسپی باشیان هەیە، کە لە عێراقدا ناسراوە لە نزیکی دوزخورماتوو روبارێکی گەورە هەیە لەبەهاردا ئاوێکی زۆری پێدا دەڕوا، چیایەکی لێوە نزیکە نەوتی رەشو خوێی لێیە.(بەغدادی، 2014: 48)**

**هەروەها ووتویانە کە ئەم شارە کەوتۆتە شوێنێکی دڵگیرەوەو، ئاماژە بە دەوڵەمەندیەکەی کراوە لە خوێو سەرچاوەکانی نەوت، وێڕای ئەوەی بەشێوەیەکی ناتەواو دەرهێنراون لەبەرچاوگرتنێکی نوێی بەناوچەکە بەخشیوەکە بەشێوەیەکەی بەرفراون بەشداری لە زیادکردنی خورماو هەموو چەشنە میوەکان دەکات، کە بە زۆری بەرهەمی دەهێنن، لەوانە ئاماژە بە جۆرێک زەیتونی نایاب کراوە کە لەو ناوچەیە بەرهەم هێنراوە.(ڤیتال، 2014: 97-98)**

**جاکسۆن هاتۆتە ئەم ناوچەیەو ئاماژەی بەوە کردووە کە شاری دوز خورماتوو دەکەوێتە باکوری شاخەکانەوەو ئاودێریەکی زۆر باشی هەیە کە لە شاخەکانەوە چەندین کانو کەناڵو جۆگە ئاورێژی دەکا، هاوکات ئەو شارە دەڕوانێتە دۆڵێکی فراوان کە تاوەکو باشور دەڕوا، لە کاتی زستاندا گیایەکی زۆری لێیە، لەگەڵ ئەوەی لەو وەرزەدا تیشکی رۆژ**

زۆر بەهێزە، بە هۆی توندی ئەو گەرمایەش زۆربەی کێڵگە کشتوکاڵیەکان کەلە نزیک ئاوو ئاوەرۆکاندایە لەناودەچن، هاوکات لەوێدا مێگەلی مەڕو ماڵاتێکی زۆریان بینیوەو ئێواران لە ترسی ئەوەی نەوەک ئاژەڵە دڕندەکان روبەڕویان ببنەوە ئەو مێگەلانە دەگەڕێنرانەوە نێو شارەکە، هەر لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت بەدرێژایی ئەو دۆڵە کە زیاتر لە 15 میللە شوێنەواری نیشتەجێ بوونی دانیشتوانمان نەبینی، لەو شوێنەی لێی دابەزین خەڵکەکەی زۆر باش‌و رێکو پێک بوون.(جاکسۆن،2013: 63) بەڵام ئۆتەر بۆچوونێکی پێچەوانەی هەبووە بەوەی کە لە پێداویستی‌و کەلوپەلدا هاوکارییان نەکردوون و دەڵێت ئەم شارەش وەک شوێنەکان تر لە خواستنی کەرەستەی ژیان‌و یارمەتی خۆیان دەپاراست‌و جارناجارەش ناچار دەبوین پێداویستسەکانمان بە پارە بکرێن.(ئۆتەر،2013: 52-53)

لە رووی کشتوکاڵ‌و داهاتی سروشتیەوە، گرنگترین رووی کشتوکاڵی ئەم قەزایە گەنم‌و جۆو برنج‌و هەندێک دانەوێڵەو سەوزەی ترە، بەڵام بێستان کردن لەم قەزایە وەکو نەبوون وایە، ئەوەی کە هەیە تەنها لە بنکەی قەزاکەدایە، بەرهەمی دار خورما هەیەو بەرهەمێکی تاڕادەیەک چاکی هەیە، گرنگترین بەرهەمی ئاژەڵ کە لەم قەزایەدا هەیە بریتیە لە مەرو بزن‌و مانگاو ئەسپ‌و حوشتر، بەڵام حوشتر بەرێژەیەکی زۆر کەمە، هەروەها شوێنێکی گرنگی راوکردنی لێیە بەتایبەتی راوکردنی گیاندارانی کێوی لە ناوچەکەدا(ئەژی،2002: 7)، جیمس بینکهام باسی لەوە کردووە کاتێک گەیشتونەتە خورماتوو کە نوسەر بە (کولماتی) ناوی هێناوە، دەڵێت شوێنێکی گەورەیە، لەلای رۆژهەڵاتیەوە بە زنجیرەیەک چیا درێژدەبێتەوەو شارەکە دەکەوێتە نێو باخچەو کێڵگەو داری خورماوە و چوار مزگەوت‌و چەند خانویەکی باشی تێدا بوە کە بە میوە و سەرچاوەی ئاوی جوان داپۆشراوە. (بینکنغهام، ج1، 1968: 156)

لە روانگەی ئەم دەوڵەمەندیەوە کوردناسەکانیش لە بەرهەمی کشتوکاڵی دواون، دکتۆر ئیفز باسی لەوە کردووە کە توز خورماتوو لە ژمارەیەک خانووی قوڕی چاک پێکدێت رەزەکانیشی بە خشتی قووڕو بەرێکی پەرژین کراون‌و برێکی زۆر لە خورماو قەیسی‌و سێوی هێناوەتە بەرهەم، بەڵام سەختی سەرماو بەستەڵەکی زستان بۆتەهۆی لەناوبردنی برێکی زۆری ترێ، لە کاتێکدا لە وەرزی ئاساییدا لێرە ترێیەکی زۆر دێتە بەرو شەرابی نایابی ترێی هەمیشە لێ نابرێ لە بەیانی رۆژی دواتر رێبواران بینیان ژمارەیەکی زۆری ئافرەتی توزخورماتوو خەریکن بە گۆزە لە چەمەکانی دامەن چیا نزیکەکان ئاو بۆ ماڵەوکانیان دەهێنن.(هەروتی، 2014: 65) بەهەمان شێوە کینی ڤیتالیش باسی لە بوونی خواردنەوە کردووە لەم شارەداو ئاماژەی بەوە کردووە کە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەوە ناسراون کە حەزیان لە خواردنەوەیە بە تایبەتی لە مانگی رەمەزاندا.(ڤیتال، 2014: 98)

جاکسۆن دەڵێت لەدوزخورماتوو گۆشتی مامز‌و مریشک خۆشترین خواردنە هەروا نانی بەیانانیان لە شێوەی پارچە پارچە دەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا خواردنی من تەنها نان‌و ماست بوو، هەروەها گۆشتی بەرخ زۆر خۆش بوو، هەردەم پێشکەشی بێگانەیان دەکرد، خۆیان بەزۆری دونگ‌و بەزیان دەخوارد(جاکسۆن،2013: 63- 64)، لە دوزخورماتوو خوێ‌و قیر و سەرچاوەی نەوت هەیە، بەڵام خەڵکی ئەم ناوچەیە هیچ گرنگی بە قیر نادەن چونکە لە هیت کە دەکەوێتە سەر روباری فورات، خەڵکی لەوێ بۆ باشکردنی کەشتیەکانیان بەکاری دەهێنن، بەڵام نەوتی رەش لێرە زۆر رەواجی هەیە، چونکە لە جیاتی زەیت بۆ چراکانیان بەکاری دەهێنن، دەچن لقی خورما پارچەی گەورەی لێ دەبرن‌و دەیچەقێنن بەناو نەوتداو پاشان دایدەگیرسێنن. دیارە کاتێک دایدەگیرسێنن لەم دارەشەوە بۆنێکی زۆر ناخۆش دێت کە لەکاتی ئاساییدا ناتوانیت تەحەمولی بکەیت، هەروەها لە رووی تەندروستیشەوە باش نییە، بەتایبەتی جوتیارەکان لە وەرزی زستاندا بۆ گەرمکردنەوەی ماڵەکانیان بەکاری دەهێنن، لەم وەرزەدا جوتیارەکان لە پەنا سەرچاوەکانی نەوتەکەدا کارەکانیان دەکەن بەڵام ئەو چرایانەی کە پاشا نەجیبزادەو دەوڵەمەندەکانی بەغدا بەکاری دەهێنن، بریتیە لە بەکارهێنانی پڵێتەیەک کەلەناو نەوتدا نوقم دەکرێت‌و پاشان

**وشک دەکرێتەوە ئینجا لە جیاتی چرا بەکار دەهێنرێت(نیبۆر،2013: 117)**

**هەر لەبارەی بەکارهێنانی نەوتەوە نیبۆر دەڵێت:" جێگای گوتنە بەم نەوتە بەدوەکان‌و جوتیارەکان لەسەرەتای بەهاردا ئەو حوشترانەیان پێ رەنگ دەکردن کە تازە لە دایک دەبوون، هەروەها بیستم گوایە لەم ناوچەیەدا نەوتی سپیش هەیە خەڵکی بۆ چارەسەری هەندێک نەخۆشی بەکاری دەهێنن، خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆیان دووپاتکردمەوە کە ئەم نەوتە سپیە گەر بخرێتە ناو سەری کەسێک ئەوا لەجەستەیەوە دەردەچێتە دەرێ‌و لە پەنجەی دەستو قاچیەوە دێتە دەرەوە رێک وەکو ئارەقە وایە، کەسێکی ژیر باش لەوە تێدەگات کە من نامەوێت ئەم ئەزمونە بە چاوی خۆم ببینم".(نیبۆر،2013: 117-118) بێگومان ئەمە بەشێکە لەو ئەفسانانەی کە لە نێوچەکەدا باوبووەو بە رێبواران‌و بیانیەکانیان ناساندووە.**

**لە بارەی کوردبوونی شارەکەوە شری لەیزەر ئاماژەی بەوە داوە کە کاتێ لەسەر رێگا سەرەکیەکەی بەغدا- کەرکوک بە شارۆچکەی توزخورماتوو بەرەو سنورەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ تورکیاو سنورەکانی ئێران لە رۆژهەڵات سەردەکەوی کوردبوونی زۆربەی دانیشتوان بەتەواوی هەستی پێکراوە (لەیزەر، 2004: 147)، ڤیتالیش ئاماژەی بەو زمانانە کردووە لەم قەزایە لە هەموان زیاتر بەکارهێنراون بریتی بوون لە تورکی ئاسایی بازاڕی و کوردی جگە لەوەش لە گوندەکاندا زمانی عەرەبی‌و کلدانی ئاسایی بازاڕیشیان بەکارهێناوە.(ڤیتال، 2014: 98) لێرەدا مەبەستیان لە زمانی بازاڕی زمانی نافەرمی بووە، کە خەڵکی شارەکە بەکاریانهێناوە، ئیدمۆنز بە پێچەوانەوە ئاماژەی بەرێژەی دانیشتوانەکەی کردووەو بە نزیکەی (30)هەزار کەس دەیخەملێنێ‌و دەڵێت هۆزەکانی ئەم ناوچەیە زیاتر پەیوەندییان بە عەرەبەوە هەیە تا کورد(ئیدمۆنز،2004: 337-338)، بەڵام گەر لە مێژووی ناوچەکە بکۆڵینەوە دەبینین هاتنی عەرەب بۆ ئەم ناوچەیە بۆ سەرەتاکانی فتوحاتی ئیسلامی‌و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامی دەگەڕێتەوەو دواتر بەهۆی گرنگی ناوچەکەوە ژمارەیەکی زۆریان ماونەتەوەو پاشان زیادیان کردووەو لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا لە (1921) پەرەیسەندووەو لێرەوە نیشتەجێ کردنی عەرەب بۆتە دەستورێکی هەمیشەیی دەسەڵاتدارانی عێراق. (بارام،2006: 30)**

**لەو روداوانەی لە ناوچەکەدا رویانداوەو تۆمارکراوە، لەرووداوێکدا باس لەوە کراوە کە کاروانەکان بەرەو توز خورماتوو بەرێکەوتون‌و لە رێگادا رێکەوتی ژمارەیەکی زۆر کولۆیان کردوە بە جۆرێک وولاغەکان لە رۆیشتندا بەسەریان دەکەوتن، بەڵام دکتۆ ئیفز دەڵێ ئەم کوللۆیانە هەرچەندە زۆر بن ناگەن بەوەی کە پێشتر لە مەدەغەشقەر بنیبووی، چونکە لەوێ ئەوەندە زۆر بوون تەمومژێکیان لە دەوری مرۆڤ دروست دەکرد کە لە دووری سەد یاردە زیاتر نەبینرێ. (هەروتی، 2014: 65)**

**ئۆتەر لەم شارەدا باس لە رووداوی هێرشی ئێران دەکات بۆ سەر ئەم ناوچەیەو دەڵێت:" دوای ئەوەی لە دوو جۆگەی نەوتی بۆندار تێپەڕین گەیشتمە توز خورماتوو هەتا سەعاتێکیش پێش نیوەرۆ هیچ نیگەرانی‌و پەژارەیەکم نەبوو بەڵام لە دوای سەعات 9 هەموو شتێک گۆڕا ئەو خزمەتکارانەی بۆ پەیدا کردنی خواردن ناردبومن بەپەلە گەڕانەوەو هەواڵی نزیک بونەوەی لەشکری ئێرانیان گەیاند ئەم هەواڵە بە رادەیەک خەڵکی ناوچەکەی ترساندبوو کەوایان بەلاوە باش بوو زوو هەڵێن‌و دەست لە هەموو شتێک هەڵگرن. چەند سەعاتێک دواتر سەیرم کرد ئاپۆڕەی گوندەکە بڕێکیان بە سواری‌و ئەوانی دیکە بەپێ، لە گوند دەرچوون‌و ئەو کەل‌و پەلانەی بەهەڵەداوان هەلیانگرتبوون لەتەک خۆیاندا دەیانبرد، لەم بگرەو بەردەیەدا خەڵکەکە بەیەکدا دەهاتن‌و بەسەر یەکدا دەکەوتن‌و چەندان دەستو قاچیش دەشکا، یان وەردەگەرا(ئۆتەر،2013: 84) ئەمە نمونەیەکە لەو روداوانەی کە باس لە لەشکرکێشی‌و داگیرکردنی ناوچەکە دەکات‌و وەک هەمیشە کورد لە دۆخی راوەدوونان‌و هەڵاتندا ژیاوە.**

**کفری:-**

**شاری کفری مێژوویەکی کۆنی هەیەو لە سەردەمی عوسمانیەکاندا کفری بە قەزای سەڵاحیە ناوی هاتووە کە**

دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی باشوری پارێزگای كەركوكەوە لەو سەردەمەدا كفری بووە بە قەزاو بریتیی بووە لە دوو ناحیە (قەرەتەپەو دوزخورماتوو).(تاڵەبانی، 2003: 6) لەسەدەی (16)دا ناوچەكانیان بەسەر چەند ئەیالەتێكدا دابەشكردو بەغدا گرنگترین ئەیالەت بوو، ئەم ئەیالەتەش دابەشی 18 سەنجەق ببوو كە كفری یەكێك بوو لەو(18) سەنجەقە.(دەلۆ، 2010،30) ناوچەكانی قەزای كفری بەشێكن لە ناوچەی بانو گردەكانی كەركوك، كەلە ڕووباری دیجلە لەلای ڕۆژئاواوە دەستپێدەكات، تا دەگاتە سنوری هەرێمی كوردستان لەگەڵ ئێران لەلای ڕۆژهەڵاتەوە، ئەم قەزایە دەكەوێتە بەشی باشوری هەرێمی كوردستانو بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای كەركوك.(تاڵەبانی، علی، 2004، 9-10)

ئەم قەزایە یەک ناحیەو (158) ئاوایی هەیە، گەورەترین شارە، كەلە نێوان كەركوكو بەغدادا ببینرێت، كەوتۆتە ناودۆڵێكی زۆر بە پیتو چەندین ڕووبار دۆڵەكە ئاوەدەدەنو یەكێكیشیان بەناو شارەكەدا تێدەپەڕێت، دەروازە گەلێكی بەردین بەیەک گەیشتنەكانی نێوان چەندین شەقام ڕێكدەخات، شیمانەی زۆر هەیە كە كفری لەسەر شوێنی شارێكی كۆندا دروستكرابێت، لە چەند كیلۆمەترێک لە باشورەوە گردێكی خۆڵی لێیە بەناوی تەل شاهان، واتە گردی پاشایان، بێ گومان بۆ ڕۆژگارێكی كۆن دەگەڕێتەوەو دانیشتوانی بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئەوە شارێكی كۆن بووە(ڤیتال، 2014: 108-109)

ناوچەی كفری هەر لە دێر زەمانەوە ئاوەدان بوەو شارستانێتی كۆنو دێرینی تێدا دامەزراوەو شاری گەشەسەندووی لە ئامێز گرتووە، لە پێش زاییندا ناوی شارەكە بە چەند شێوازێك هاتووە لەوانە لەسەردەمی ئیلامیەكاندا بە (كیپرات) و لای ئاشوریەكان بە كیماش هاتووەو لەشەرەفنامەشدا بە كفری ناوی هاتووە.(تاڵەبانی، علی، 2004، 9) بۆچونێكی دیكە هەیە كە سۆمەریەكان بە كیماشو بابلیو ئاشوریەكان بە كیرۆو عەرەبەكانیش بە كفری ناویان هێناوە (ئەژی،2002: 7) یاخود بە هۆی بوونی داری الكفر (گەز) یان (تەروو) لەناوچەكەدا بەو ناوەوە ناونراوە، چونكە ماددەی كفر كە ماددەیەكە لە قیر یان خەڵوزی بەردین ئەچێت. ئەم ماددەیە لە جەنگی جیهانی یەكەمدا (1914- 1918) توركە عوسمانیەكانو ئەڵمانەكان بۆ داپینكردنی سوتەمەنیو جوڵەی شەمەندەفەرو پاپۆرەكانیان بەكاریان هێناوە.(كریم، احمد، 2006: 152-153)

بێنكهام بەم جۆرە باسی كفری كردووە كە دەكەوێتە نێو شورایەكی پتەووەو و خانوەكانی لە قور دروستكراون، ڕێڕەوێكی ئاو لە نێو شوراكەوە لە لای ڕۆژهەڵاتیەوە هەڵدەقوڵێتو دابەشدەبێت بەسەر چەند بەشێكداو لە ڕێگەی چەند بەشێكی سەرەكیەوە لە نێو شارەكەدا دەڕوات.(بینكنغهام، ج1، 1968: 162) مینتیشاشڤیلی كفری بە یەكێكی تر لە شارە كوردیەكانی ڕێگەی ئەستەمبوڵ –بەغدا لەقەڵەم داوەو دەڵێت تاكردنەوەی ڕێگای ئاسنی بەغدا- كەركوك بەمەڵبەندێكی گرنگی بازرگانی ماوەتەوە.(مینتشاشڤیلی، 2018: 39) خانوەكانی ئەم شارە لە بەردی سپی كانە بەردی نزیک شار دروستكراونو یەكێكە لە شارە هەرە پانەكانی كوردستانی عێراق. (مینتشاشڤیلی، 2018: 40) ئیدمۆنزیش ئاماژەی بە ڕەنگی ڕوونو ڕۆشنی ئەو بەردەی كە لە كانگای كوێستانەكانی كفری دەست كەوتوون كردووە كە سیمایەكی جوانو خاوێنی بەو شارە بەخشیوەو دەڵێت من لە دیدارەكانمدا لەو شارە ئەو چۆنییەتیەم بە ڕوونی دەبینی.(ئیدمۆنز،2004: 338)

مونشی بەغدادی لە وەسفی كفریدا دەڵێت:" كفری ئاوو هەوایەكی خۆشو سازگاری هەیە، بەتەنیشتیەوە لەلایەكی كفریەوە چیایەک هەیە، ناوی شارەكە لەو چیایەوە دێ، ئاوەكەی شیرینو سازگارە بە شوتیو كاڵەک بەناوبانگە دانیشتوانەكەی بە كوردیو توركی دەدوێن. هەندێكیان سوننە مەزهەبنو هەندێكیش عەلی ئیلاهین لە دەرەوەی كفری چەمێكی لێیە باراناو پیایدا دەڕواو هاوینانیش وشكە".(بەغدادی، 2014: 47) دەڵێن گوایە سوڵتان موراد كاتێک لەشكر كێشی بەرەو بەغدا كردووە لەم ئاوەی خواردۆتەوە پیایدا هەڵگ◌ِوتوە، ئاوەكەی كەركوكیش ئەو ناوی ناوە (خاسە سوئی) واتە ئاوی تایبەتی.(ئۆتەر،2013: 83)

ئیدمۆنز دانیشتوانی کفری بە نزیکەی 2هەزار کەس لە قەڵەم داوەو بە دووەم شاری پارێزگاو قایمقام نشینی لەقەڵەمداوە، ئەو شارە لە زارکی شیوێکی دیکە سازکراوە، کە شیوەکە دەچێتە ناو یەکەم زنجیرە چیاکانەوەو لەو جێیەی جادە هەڵکەوتووە کە نزیکترین کاروانە رێی سلێمانی بۆ برایم خانچی‌و سەگرمەی لێ جیادەبێتەوە، بەر لە کێشانی رێگای ئاسن بۆ کەرکوک بۆتە جۆرە بازاڕێکی سروشتی هۆزەکانی دەوروبەری، ناوەندێکی گرنگی بازرگانی‌و سەوداو مامەڵەی کوردەکان بووە، کانگایەکی خەڵوز لەبەشی باکوری شیوەکەدایە، کەلە راستیا بۆتە قیرو رەق بووە، بەرهەمی ساڵانەی ئەو کانگایە بەر لە ساڵی (1915) ساڵانە 50 تۆن بووەو لە ماوەی جەنگدا کاربەدەستانی سوپای تورک گەیاندویانەتە هەزار تۆن.(ئیدمۆنز،2004: 338) لە دەوروبەری ئەم شارە کانی قیر هەیە.(مینتشاشڤیلی، 2018: 40) لە فەرهەنگی هندو باشور بۆ بازرگانی‌و پیشەسازی لە (1873)دا ئیدوارد ریش بلفور ئاماژەی بە وەکردووە کە نەوتی کفری نێردراوە بۆ بەغداو ناوچەکانی دەوروبەریو نەوتی کەرکوکیش لە بازاڕەکانی باشورو رۆژئاوای کوردستان بەکارهاتووە.(شجاعی،2018 : 51)

لەبەر ئەوەی کفری شارێکی دەوڵەمەندە بە شوێنەوار بۆیە زۆر باس لە گرنگی‌و شوێنەوارەکانی کفری کراوە، لەوانە گردی ئاسکی کفری کە مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوریەکان.(دەلۆ،2010: 23) کە لە کفری نزیک دەبیتەوە گردێکی زۆر گەورە دەکەوێتە دەستە راستەوە ئەو گردە گردی ئاسکی کفریە، کفری کەوتۆتە پاینی شاخی بابە شاسوار شاخەکە زۆر بڵند نیەو بەردەکەی وەک بەردی شاخی حەمرین وایە چاوگەیەکی نەوت نزیک کفری هەیە نەوتی پێدا ئەچۆڕێت، چاوگەیەکی قیریش لەو نزیکە هەیە.(ئەژی،2002: 6-7) گرنگی ئەم شارە لە رووی شارستانیەوە بۆتە جێگەی گرنگی پێدانی کوردناسان، بۆیە ئاماژەی زۆریان بەو شوێنەوارانە کردووەو باسی کۆنی شارەکەیان کردووە، لەوانە نیبۆر دەڵێت:" لە شوێنێک کە دەکەوێتە نێوان هێڵی 57- 33 شارێک هەیە ناوی کرفە ئەو شارەی کە یەکێک لە خەلیفەکانی شاری سامەرا دروستی کردووە، هەتاوەکو ئێستاش چوار دیوارە بەرزەکانی ماونو نەرووخاون گەر بەرەو لای راستی گوندی دوجەیلە بڕۆین، پێدەچێت شوێنەواری سەیرو سەمەرە بدۆزینەوە".(نیبۆر،2013: 115)

ئیفزیش دەڵێ لەدوای قەرەتەپە کاروانەکە لە شارۆچکەی ئاسکی کفری بارگەی خست کە دەکەوێتە سەر گردێکی نزمو ژمارەیەک جۆگەی ئاوی سازگار بە دەوریدا تێدەپەڕێت بەڵام لێرەش کاروانەکە هیچ میوەیەکی دەست نەکەوتووەو هەر لە ئاسکی کفری تێبینی ژمارەیەکی یەکجار زۆر شەمشەمە کوێرەیان کردوە.(هەروتی، 2014: 65)

نیبۆر ئاماژەی بەوە کردووە کە لەو ماوەیەدا خەڵکی لەم ناوچەیەدا خان مصبح یان دۆزیوەتەوە هەروەها لەناو قوبەیەکی گەورەدا کۆمەڵێک سندوقی بەردینی گەورەیان دۆزیوەتەوە کە لەناویدا مردوو هەبووە. هەروەها لەناو ئەم سندوقە بەردینانەشدا چەند نوسراوێکیان دۆزیەوەتەوە کە پێدەچێت بگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی ئاشوری یان فارسی کۆن.(نیبۆر،2013: 115-116) لە جێگەیەکی تریشدا (ئونکیی ئیمام- دوانزە ئیمام) هەیە کە نزیکەی (14) کیلۆ مەترێک لە کفریەوە دوورەو چەند چاڵە نەوتێکیشی لێیە.(ریچ،:2002: 47)

هیود دەڵێت:" بۆ ئەوەی بگەینە ناوچیاکانی کوردستان کەمێک بەرەو باکور رۆشتین لەوەتەی لە بەغداوە دەرچووین تا رادەیەک شوێن پێی رێگەی ئاساییمان گرتبووەبەر، بەڵام لە باکور دەرچوین بۆ رۆژهەڵاتی کفری بەتەواوی لەم رێگە ئاساییە هاتینە دەرەوەو چوینە ناو ئەو وڵاتەی کە نەناسراوە، ئەوە لەسۆنگەی نەبوونی زانیاری گەلی رەسەن لەسەر هەموو نەخشەکان بە سپێتی ماوەتەوە، زۆر داخم بۆ ئەوە خوارد کە هیچ کەرەسەیەکی پێویستم لەبەر دەست نییە تاوەکو بتوانم زانیارییەکی وردو تەواو لەبارەی ئەم وڵاتە بەردەست بخەم".(هیوود،2012: 40-41) ئەم ووتانە دەرخەری ئەوەن کە ئەو کوردناس و گەڕیدانەی رووپانکردۆتە کوردستان بە هۆکاری نەبوونی زانیاری پێویست نەیانتوانییوە زانیارییەکی دروست لە بارەی شارەکانی کوردستانەوە بخەنە روو، بۆیە زۆرجار نوسینەکانیان تەواو دروست نین، لەگەڵ

نەبوونی زانیاری دروستیشدا هێشتا ئەو شارانەیان وەک دەروازەی چوونە نێو کوردستان ئەژمارکردووە.

ئۆتەر کفری بە شارێکی چۆڵ پێناسە کردووەو دەڵێت دوای نۆ سەعات ڕۆیشتن گەیشتینە کفری کە هیچ کەسێکو هیچ شتێکی تێدا نەدەبینرا.(ئۆتەر،2013: 53) هیودیش بەهەمان شێوە دەڵێت ئەو وڵاتەی کە دەچینە ناویەوە وڵاتێکی بەرزاییەو زەوییەکانی پان نییەو هیچ ئاوایییەکی تێدا نییە، کەمترین شوێنکاری کشتوکاڵکردنیشی بەسەرەوە نییە، بەرە بەری ئێوارە پانزە میل دوور لە کفری لەوکاتەی کە خەریک بوو تاریکایی باڵی رادەکێشا تووشی ڕەشماڵێکی کوردان بووین، لەبەر ئەوەی ئەو زەویەی لەسەری بوین بەرزایی بوو بۆیە هەواکەی زۆر سارد بوو.(هیوود،2012: 41) کەواتە لە ساڵی (1817)دا کفری لە رووی ئاوەدانیەوە سەربازی چۆڵی ناوچەکە شوێنی رەشماڵی کوردان بووە.

ڤیتاڵ ئاماژەی بە بەرووبوومو بەپیتی ئەم ناوچەیە کردووەو دەڵێت لە دەوروبەری سەلاحییە کانێکی رەژووی لێیە لەلایەن حکومەتەوە دەردەهێنرێت، بەروبومی کشتوکاڵی بەرهەمی سەرەکی کشتوکاڵی ئەم قەزایە کە زۆر بەپیت و فەرن بریتین لە گەنمو جۆ دارخورماو داری لیمۆ.(ڤیتال، 2014: 110) هەروەها جیمس بینکهام باسی لەوە کردووە کە بازاڕەکانی کفری میوەی زۆر باشیان تێدایەو بەتایبەتی شوتیو ترێو دەڵێت کێڵگەی خورماو میوەی تری کەمە. (بینکنغهام، ج1، 1968: 162-163)

هەر لە باسی ئاوەکەی کفریدا ئۆتەر دەڵێت:" بۆ ئەوەی بگەمە کفریو لە ئاوە بە تامەکەی بخۆمەوە ئارامم لێ هەڵگیرابوو بەڵام بە پێچەوانەی چاوەنوارییمەوە بەسەر جۆگەیەکی پڕ قەوزەو لیتەدا کەوتم خەریک بوو چۆڕایی دەهات، بەهۆی پەلەو تینوێتی زۆرەوە ناچار لێم خواردەوە کە هیچ بە دڵەوە نەنوسا، بە هاورێکانم ووت، ئەمە ئاوە بەناوبانگەکەی کفری بوو؟ لە وەڵامدا وتیان نابێ لە کەمبوونی ئاوەکە و بۆنە ناخۆشەکەی سەرت سوڕ بمێنێ چونکە عەرەبەکان ئاوی ئەم بن جۆگەیەیان لە ژورترەوە گێڕاوەتەوە ئەو پۆلە کولەش لە تاو گەرما خۆدەخەنە ناویەوە لەبەر ئەوەیە کە ئاوەکە بۆگەن بووە.(ئۆتەر،2013: 83) جیمس بێنکهام باسی لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە مێش وەمەگەز کردووە کەبەسەر لقی دارەکانەوە بوون، بەجۆرێک کە لە ژمارە نەهاتوون. (بینکنغهام، ج1، 1968: 163)

لە بارەی دانیشتوانی شارو پێکهاتەی ئیتنی شارەکەوە، چەرچل دەڵێت کاتیک بەریتانیەکان هەولێرو کەرکوک و کفریان داگیر کرد بە تەواوی کورد یان عەرەبی لێ نەبووە.(KILIC, 2018:148) بێگومان ئەم زانیارییانە دوای هاتنی بەریتانیەکان تۆمار کراونو لەوکاتەشدا عوسمانیەکان دەسەڵاتدارو پاوانخوازی ناوچەکە بوون، بێگومان ئەمەش کاریگەری بەتەواوی لەسەر شارە کوردییەکان دەرکەوتووە، هەربۆیە زۆربەی دانیشتوانی شارەکە بە تورکی دواون، ئەمەش وایکردووە پێکهاتەی ئیتنی شارەکە بەتەواوی بە تورک ئەژمار بکرێت وەک ئیدمۆنز دەڵێت بنەماڵە گەورەکانی شار خۆیان بە تورک دەزانن، دانیشتوانی شار بە گشتی لە کورد و تورکمان پێکهاتوون.(ئیدمۆنز،2004: 338-339)، کەواتە تەواو پێچەوانەی بۆچونەکەی سەرەوە کورد پێکهاتەیەکی گرنگی شارەکە بووە، جیمس بینکهام زمانی دانیشتوانی شارەکەو شێوەیانی بە تورک لەقەڵەمداوە بەڵام ئەوەشی خستۆتە روو کە لەلایەکەوە بە عەرەبو لەلایەکی ترەوە بە کورد دەورە دراون.(بینکنغهام، ج1، 1968: 163) ئاشکرایە باڵا دەستی تورک، زمانی تورکی بەجۆرێکی فەرمی بەسەر دانیشتواندا سەپاندووە، ئەمەش ئاساییە کە دانیشتوانەکەی بە زمانی تورکی گفتوگۆیان کردبێت، بەڵام مەرج نییە لە رووی ئیتنیەوە تورک بوبن. هەروەها کارێکی ئاساییش بووە کە هەریەک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو سەفەوی هانی تورکمانەکانیان دەدا کە لە ناوچەکانی تەلەعفەرو موسڵ و کفریو قەرەتەپەو خانەقین و کەرکوک نیشتەجێ بین لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان و دروست کردنی قەڵاو بنکەی سەربازی.( Rasoul, 2017: 47)

لە رووی پێکهاتەی ئاینیشەوە کینی ڤیتال دانیشتوانی ئەم شارەی بە (6528) کەس لەقەڵەم داوە، بەم شێوەیە: مسوڵمانی شیعە (6448)، جوو (80)کەس. (ڤیتال، 2014: 110) کەواتە جووەکان پێکهاتەیەکی کۆنی

ناوچەکە بوون، هەروەها ریچیش ئەو سەرنجەی تۆمار کردووەو دەڵێت زۆرم پێ سەیربوو لە کفری هەندێ جولەکەو کریستیانەکانم بینی. (ریچ،:2002: 42)

خانووەکانی کفری لە خشت دروستکراون، بە گوێرەی ژمارە فەرمیەکانی تورک، (1088)ماڵ، (6)مزگەوت، (3) تەکیە، (2) قوتابخانە، (1) سەرا، یان کۆشکی حوکمڕانی (2)حەمام یان گەرماوی گشتی، (9)خان یان هوتیل (1) نوسینگەی تەلەگراف، (170)دوکان، (4)قاوەخانەی تورکی، (6)خومچی، (35)ئاسیاو (30)باخچەو بباغ، (292) کێڵگەی کشتوکاڵی لێیە.(ڤیتال، 2014: 109-110)

**خانەقین:-**

مێژووی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆنو لە سەردەمەکانی کاشیو ئیبلامیو ئەکەدیو سۆمریو گۆتیدا بەچەندین رووداوی مێژووی جیاوازدا تێپەڕیوە.(ڤیتولی، 2008: 26) خانەقین لە کۆندا بەشێک بووە لە وولاتی گۆتی کە بە رەچەڵەک وڵاتی کوردە، لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینیدا، دەشتاییەکانی کرماشانی رۆژئاوا لەوانە زەهاو تا زێی بچووکی دەگرتەوە کە ارابخا واتا شاری کەرکوک پایتەختی دەوڵەتی گۆتی بوو.(یوسف، 2003: 207) سەبارەت بە ناوی خانەقینیش کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز هەیە لەوانە دەڵێن ئەم ناوە لە یەکێک لەو خانانەوە هاتووە کە هی کەسێک بووە بە ناوی نەقی، بۆیە ناونراوە خانەقی، یاخود لە دوو وشەی خان یان خانو قینەوە هاتووە، بەو بەڵگەیەی کە کیسرای پاشای فارس کاتێک فەرمانی کردوە بە نوعمانی کوری مونزرو لە خانەقینی ئێستا بەندکراوەو بۆیە لەو کاتەوە بە خانەقین ناو نراوە، یاخود شێوازە کۆنەکەی کە بە خانە کێو ناوی هاتووە چونکە کەوتۆتە پێدەشتی چیاکانی کوردەوەو چەندین بۆچوونی تریش ئاماژەی پێکراوە. (ڤیتولی، 2008: 26)

خانەقین شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لە ویلایەتو لیوای بەغدادا کیلۆمەترێک لە خۆرهەڵاتی باکوری بەغدا لەسەر ئەو رێیەدا کە دەچێتە هەمەدانو خوراسانو لە نزیکی سنوری ئێراندایە (5000)کەس دانیشتوانی هەیە، چەمی حولوان روودی سەر بە زێی دیالە بەناو شارۆچکەکەدا دەڕوا.(سامی، 2008: 158) (روبرت ماک ئارسەر) لە سەردەمی سلوقیەکاندا ژمارەی ئەم ناوچەیەی بە (20) هەزار کەس خەمڵاندووە.(ڤیتولی، 2008: 26) جیمس بینکهام باسی لە شاری خانەقین کردووەو هەردوو بەشەکەی بە (1500)خانوو ئەژمار کردوەو ژمارەی دانیشتوانی خانەقی بە نزیکەی (10-12)هەزار کەس لە قەڵەمداوە. (بینکنغهام، ج2، 1969: 213)

لە کتێبی (معجم البلدان)دا بەم جۆرە ناسێنراوەکە شارێکە لە ناحیەکانی رەشە خاک لە کوورەی شاە فیروز، لە رێگای هەمەدان بۆ بەغدا، بەڵام سەرچاوەکانی پێش یاقووت بە گەورە گوندێکی سەربە حەلوان یاخود گوندێکی هەرێمی عێراقیان داناوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەیەکێک لەناوچەکانی سەربە هەرێمی چیاکانی نزیک شارەزووریش ژمێردراوە.(دەشتی، 2015: 143)

ناوی خانەقین لەنێو کتێبی رۆژهەڵاتناسو گەڕیدە مسوڵمانەکاندا زۆرهاتووە، لەبەر ئەوەی گوایە ئەوە یەکێکە لە کۆری ئوستانی شا فەیروز، یەعقوبیش باسی دەکات کە ئەوە یەکێکە لە گوندە گەورەکانو زۆر گرنگ بووە، هەروەها بەلازریش ئاماژەی بۆ دەکات لە دوو توێی گێڕانەوەی باسەکانی لەبارەی فتوحاتی ئیسلامیەوە، بەڵام بیکری زۆر وورد نەبووە لە ناساندنی شارەکەدا، کاتێ باسی دەکاتو دەڵێت: ناوچەیەک بووە لە وولاتی فارسو تەسوجێک بووە لە تەسوجەکانی حەلوان، مەقدەسیش باسی شاری خانەقینو شارەکانی دیکە دەکات کە دەکەوێتە سەر رێگەی حەلوان، وەکو دەڵێت هیچ بەهایەکیان نەبووەو شایانی ئەوە نەبوونە بە بەغدا بەراورد بکرێن، بەڵام یاقوت زۆر ورد بووە لە ناساندنی شارەکە کاتێ باسی دەکاتو دەڵێت شارۆچکەیەک بووە وەکو زۆربەی ناوچەکانی لەسەر رێگەی نێوان هەمەداو بەغدا کە نێزیکەی (6) فرسەخ (36)کم لە شاری قەسری شیرینەوە دوورە.(خۆشناو، 2014: 1013-1014) لەسەردەمی داگیرکاری بەریتانیادا لە ساڵی (1935)خانەقین کرا بەقەزایەک لە لیوای دیالە کە مەرکەزەکەی بەعقوبە بوو. (یوسف، 2003: 221)

لەسەردەمی حکومەتی بەعسیشدا خانەقین دووچاری سیاسەتی تەعریب بۆیەوەو بە درێژایی سنورەکەی لەگەڵ ئێرانو تورکیادا زۆربەی گوندەکانی رووخێنرانو دانیشتوانەکەی بەزۆر راگوێزران یان بۆ باشوری عێراق یاخود بۆ ئەو نشینگانەی کە حکومەتی عیراق دروستی کردبوون.( Rogg, Rimscha, 2007: 827)

خانەقین لە دوو بەش پێکدێت کە رووباری ئەڵوەند داگیر دەکاتو هەردوو بەشەکە بە پردێک لەسەر روبارەکە پێکەوە دەبەسترێنەوە، ئەو رووبارە لە باشورەوە بۆ باکور بە نێو شارەکەدا دەروات. (بینکنغهام، ج2، 1969: 212)

د. مەکنزی لە کتێبەکەیدا بە خانەقییا ناوی هێناوەو دەڵێت لە خانەقیا 3 شەوو 3 رۆژماینەوە، لەوێ خورمامان سەند بارمان کردو شەوی دوای بارمانکرد، هاتینەوە بەرلووت، لەوێوە هاتینە باوە نور، لە باوەنور تۆفو باران لێی هەڵکردین، کارەکانمان گشتیان وەستا و خورماکانمان نیوە بە کۆڵ هاوردەوەو کەرەکانمان نیوەیان تۆپی.(مەکنزی، 2011: 127- 128)

ئۆتەریش باسی شاری خانەقینی بەم جۆرە لەسەفەرنامەکەدا کردووە، لە (14ی حوزەیران لە دوای 5) سەعات رێ لە خانەقین عەجەم چادرمان هەڵدرا، کەلە کەناری ئەم چەمە دایە ئەم شارە لە ژێر فەرمانی عوسمانیدایەو بەشێکە لە خاکی کوردستان، لەم شارەدا خەریک بوو ئاگرمان تێبەر بێت ئێرانیەک لە کۆمەڵەکەی ئێمە ئاگری کردەوە.(ئۆتەر،2013: 52)

هنری بایندەر لە سەفەرنامەکەیدا بەم جۆرە باسی لەم شارە کردووە:" کاتێ دەگەینە بەرزایی ملەکە تەواوی دۆڵی پڕ لە ئاوی ئەڵوەندی لکێکی دیالە لە بەرانبەرماندایە، گوندی خانەقین لە کەنار رووبار وەدەردەکەوێ بەڵام هەرچەندی لە بەرزاییەکە شۆڕدەبینەوە گوند لە پشت گردەکەی تەنیشتی روبار بزردەبێو دوو سەعاتو نیوی پێ دەچێ تا دەگەینە خورێ، لەو سەرەوە گوند دەبینین کەلەبەر پێمان راخراوە، هەروەها دەڕۆینو زۆری پێناچێ دەگەینە باغی هەنارو خانیی خەڵک، گوند لە هەردوو لای رووباردا بڵاوبۆتەوە، بە دوا تیشکی هەتاو روناکبۆتەوە، لەلای راستمان روبارێکی لافاویو بەگوڕی ئاوی ئەلوەند کە نزیکەی سێ مەتر پانە بەشێوەی لێرێک لە نێو دارخورماکاندا لە نێوان دوو کەناری بەرزدا دەڕوا، دارخورما ئاڵۆزەکان کاکۆڵە زێڕینە جوانەکانی خۆیان لەسەر ئاوی روبار بەرزکردۆتەوەو لە نێوانیاندا وشیە خورما وەک وشیە زێڕ هەڵواسراون، کاولگەکانی پردێکی گچکە کەپێگەکانی لە روباردا رۆچوون، دەڵێی لەگەڵ گێژەندا ململانێیانە روبەرومان ئاوی ئەلوەند لەناکاو پان دەبێو ئاوەخرۆشاوەکەی ئارام بۆتەوە لە کەنارەکانی ئەوبەر داری جۆربەجۆری وەک هەنارو هەنجیرو لیمۆو پرتەقاڵ لەگەڵ گیاکاندا بەتایبەتی توترکە کێویلەی لێیە کە تا نزیکی ئاوەکانی روبار هاتوون،(بایندەر، 2006: 417-418)

یەکێکی تر لەو گەڕیدانەی هاتونەتە شارەکە خانمە گەشتیارێکی بەریتانییە بە ناوی (ئیزابێلا) گەشتی کردووە بۆ لورستانو کوردستانو لە ساڵی (1890) گەیشتۆتە وڵاتی فارس و لەوێوە بە سواری وڵاخ لە خانەقینەوە تا تاران رۆشتووەو لەسەفەرەکەیدا باسی لە قورسی رێگای هاتوچۆکەی کردووە کە لەسەر وڵاخ بووەو بارانو بەفری زۆری ناوچەی کوردستان و بەتایبەتی لە برینی چیای زاگرۆس کە چەندین جار کەوتۆتە خوارەو توشی ئازار بووە بەڵام جوانی ئەو ناوچەیەی نەشاردۆتەوە لە بارانو بەفرو بوونی داری میوەی زۆر.(Vianello،2004:40 )

بایندەر لە وەسفی خەڵکی خانەقیدا دەڵێت خەڵکی ئێرە کەسانی بیانیان خۆشناوێو ژنەکان جنێومان پێ دەدەنو مناڵەکان لمان تێ دەگرن، و باس لە دکتۆرێکی ئەڵمانی دەکات بەناوی (مسیۆ ساب)، دەڵێت سەرباری ئەوەی کە زۆر هاوکاری خەڵکەکە دەکات بەڵام تا ئێستا نەیتوانیووە خۆشەویستی خەڵکەکە بەدەست بهێنێت.(بایندەر، 2006: 420)

بەڵام لە راستیدا ئاماژەی بە جۆری ئیتنی خەڵکەکەی نەکردووە کەسەر بە چ نەژادێکن، بەڵام لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسە سەربازیەکانو ئیدارەی ئیمپراتۆریەتەکە لە کەرکوکو خانەقین و توز خورماتوو نیشتەجێ کران و لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئەو ناوچانەیان وەک ناوچەی تورکمان ناساند، وەک دەستگرتن بەسەر بیرە

نەوتو دانانی باجو داگیرکردنی زەویە کشتوکاڵیەکان لە دەوروبەری کەرکوکدا.(Rasoul، 9:2017) لەسەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان مورادی چوارەمدا لە ساڵی (1838)، تورکمانەکان لە زۆر شوێندا نیشتەجێکران لەوانە لە تەلەعفەرو جەلەولاو کەرکوکو خانەقین و مەندەلیو زۆر شوێنی دیکە.(رۆژە، 2018: 134) ئەمەش هۆکار بوون بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە، هەرچەندە کوردناسەکان لە بارەی خانەقینەوە زۆر تێبینیان تۆمار نەکردووە زیاتر باسیان لە شێوازی شارەکەو هەڵکەوتەی شارەکە کردووە، بەڵام ئەو راستیەشیان نەشاردۆتەوە کە بەشێک بووە لە ویلایەتی شارەزورو بەشێکە لە خاکی کوردستان.

## ئەنجام

1- ناوچەی گەرمیان یەکێکە لەو ناوچە گرنگانەی کە مێژوویەکی دێرینی هەیە، و پێگەیەکی جوگرافی گرنگی هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە پێگەکەی لە رووی ئابوریشەوە بۆتە هۆکاری چاوتێبڕینو گرنگی پێدانی هەموو ئەو هێزو لایەنانەی کە روویان کردۆتە ناوچەکە، ئەمەش لەلای کوردناسەکان شاراوە نەبووە، بۆیە گرنگی پێگە سیاسیو جوگرافیو ئابوری و بازرگانیەکەی هۆکار بووە بۆ گرنگی دان بەو ناوچەیە.

2- کەرکوک یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان کە کەوتۆتە سنوری گەرمیانەوە، بۆیە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە کوردناس و گەڕیدەکان پیایدا تێپەڕیونو سەرنجی خۆیان لەبارەی ئەم شارەوە تۆمار کردووە، هەر لە رووی پێگەی دێرینی شارەکەو دابەشبونی ئیتنیو پێگە ئابوریەکەی، هەرچەندە بەشێکیان بە شارێکی کوردیان لەقەڵەمداوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان بە شارێکی تورکمانی ئەژماری دەکەن، بێگومان هۆکاری سیاسیو پێگەی دەسەڵاتی تورکمانەکان لەو شارەداو کردنی زمانی تورکی بە زمانی فەرمی ئاخاوتن هۆکار بووە بۆ زیاد بوونی رێژەی تورکمانەکان.

3- شارەکانی دوزخورماتوو کفریش لەلای کوردناسەکان جێگەی گرنگی پێدان بوونو لە رووی مێژوویەوە، هەروەها لە رووی واتای ناوی شارەکانەوە کۆمەڵێک سەرنجیان خستۆتە روو ، بەڵام لێرەدا بۆ کوردناسێک کە کەسێکی بیانیەوە شارەزایی لە باری سیاسی ناوچەکەدا نییە کارێکی قورسە کە بتوانێت رەگ و ریشەی ناوەکانو مێژووە دێرینەکەی بەتەواوی ساغ بکاتەوە بۆیە لە زۆر شوێندا کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو زانیاریانەی کە لە ناوچەکەدا بڵاو بوون.

4- گرنگی کاری کوردناسو گەڕیدەکان لە بارەی شارەکانی کوردستانەوە بریتیە لەو وێنا کردنانەی کە کوردناسەکان بە چاوی خۆیان بینیویانەو بۆ ئێمەی دەگێڕنەوە زۆرجار ئەو باسکردنانە زۆر بە وردی کراوەو و واقعی ئەو سەردەمەی بۆ نەخشاندوین.

5- باسکردنی بەشێک لەو رواداوانەی لە ناوچەکەدا روویانداوە بەهەمان شێوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە تا زیاتر لە باری سیاسیو گوزەرانی خەڵکی تێبگەینو ئەو کەرەستەو ئامێرانەی لە بواری ئابوریو بازرگانیدا بەکاریانهێناوە، بەهەمان شێوە دیدگایەکی تازە بە مێژووی کورد دەبەخشێت.

6- باسکردنی چاڵە نەوتەکانو کانی قیرو تەنانەت بەشێک لەو پاشماوە کۆنانەی لە ناوچەکاندا هەبوون، و ئاماژە کردن بە شوێنەوارە دێرینەکانی شارە کوردییەکان بۆخۆی ئەرشیفێکی گرنگو کاریگەرە لە تۆماری مێژوویی ناوچەکەدا. بۆیە بە شێوازێکی گشتی کاری کوردناسەکان بۆ مێژووی کورد لە هەموو رویەکەوە گرنگ و پڕ بایەخە.

7- سەرەرای بوونی زانیاریو تێبینی کوردناسەکان دەربارەی شارە کوردییەکان، لە هەمان کاتیشدا هەندێک جار کوردناسەکان کەوتوونەتە هەڵەی زۆر گەورەوە، لە بارەی ناوی تەواوو چوارچێوەی جوگرافی و رێژەی پێکهاتە ئیتنیکانی بەشێک لە شارەکان، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری نەبوونی زانیاری پێویستو سیاسەتی وڵاتە سەردەستەکانی کوردستان، کە هەمیشە لە هەوڵی دابڕینی پێگەی جوگرافیو دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکاندا بوون.

## لیستی سەرچاوەکان


أ- سەرچاوە بەزمانی کوردی:-

١. e.af.wirsn: کۆمسیۆنی ویلایەتی موسڵ لکاندنی باشوری کوردستان بە عێراقەوە، هەولێر، 2010.

2. ا.م. میتشاشڤیلی: کورد ، کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی ئابوری رۆشنبیریو گوزەران، و/ د.پ. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، چ2،دهۆک، 2018.

3. ا.م. هاملتن: رێگایەک بە کوردستاندا، و/ عەلی عەبدولرەحمان عەسکەری، هەولێر، 2013.

4. بارۆن ئیدوارد نۆڵد: گەشتێک بە عەرەبستانو کوردستانو ئەرمەنستاندا، بەشی دووەم، و/ د. حەمید عەزیز، هەولێر، 2004.

5. بەدرخان سندی: کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەڵاتناسیدا، و/ ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، دهۆک، 2008.

6. بیرەوەریەکانی کاپتن لاین: کورد عەرەب بەریتانیەکان بیرەوەریەکانی کاپتن لاین لەمەر رووداوەکانی باشوری کوردستان 1919- 1929، سلێمانی، 2007.

7. بێ ناوی نوسەر: راپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوک، و/ سەربەست کەرکوکی، سلێمانی، 2006.

8. تارا محمد دەشتی: کوردو ناوچە کوردنشینەکان لە کتێبی معجم البلدانی یاقوتی حەمەوی، هەولێر، 2015.

9. پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری: شاری کەرکوک 1917- 1926، سلێمانی، 2007.

10. جاسم محمد محمد: ئەنفالی گەرمیان، سلێمانی، 2002.

11. جەمال رەشید: کەرکوکو ناوچەی گەرمیان مافی کۆنترۆل کردنی لەلایەن کوردەوە، دهۆک، 2008.

12. حەسەن بارام: خورماتوو لە نێو پاکتاوی رەگەزیدا، کەرکوک، 2006.

13. حەسەن بارام: چەند لاپەرەیەک لە مێژووی خورماتوو، سلێمانی، 2007.

14. حەکیم ئەحمەد خۆشناو(دکتۆر): کوردو کوردستان لە دیدی گەڕیدەو وولاتناسانانی مسوڵمان، و/ شوکر سلێمان، هەولێر، 2014.

15. حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ: ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی 1914- 1945، کەرکوک، 2010.

16. د.ن. مەکنزی: گوڵەگەنمی زێرین، و/ فەرهاد شاکەلیو خەبات عارف، هەولێر، 2011.

17. دەبلیو ئارهەی: دووساڵ لە کوردستان، و/ لوقمان باپیر، هەولێر، 2010.

18. ژاک ریتۆرێ: گەشتنامەی مسیۆنێک بۆ ناوچەکانی کەرکوکو سلێممانی ساڵی 1878، و/ نەجاتی عەبدوڵلا، سلێمانی، 2008.

19. ژان ئۆتەر: سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، و/ محەمەد حەمە باقی، هەولێر، 2013.

20. سەعدی عوسمان هەروتی: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژووییەکاندا، هەولێر، 2014.

21. سەفەرنامە جاکسۆن بۆ باشوری کوردستان لە ساڵی 1797، و/ رەسوڵ بەختیار، هەولێر، 2013.

22. سەفەرنامەی مونشی بەغدادی لەتەک مستەر ریچدا 1820، و/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، هەولێر، 2014.

23. سیسیل جۆن ئیدمۆنز: کورد، تورک، عەرەب، هەولێر، 2004.

24. شری لەیزەر: کوردستانی بەر ئاگردان، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2004.

25. قاموس لئەعلامی شەمسەدین سامی: کوردو کوردستان لەیەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، و/ ئەحمەد تاڤانە، هەولێر، 2008.

26. کریستیان بێرد: هەزار و هەزار یاخیبون، و/ سەفوەت رەشید سدقی، سلێمانی، 2018.

27. کۆمەڵێ نوسەری روسی: چەند وتارێکی کوردناسی، و/ ئەنوەر قادر محەمەد، سلێمانی، 2004.

28. کلۆدیۆس جێمس ریچ: گەشتنامەکەی ریچ بۆ کوردستان 1820، و/ محمد حەمە باقی، چ3، هەولێر، 2002.

29. کینی ڤیتال: سنجاقی شارەزوور کەرکوک لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، لە کتیبی مێژووی کورد وکوردناسی، بەرگی یەکەم، هەولێر، 2014.

30. گەشتنامەی پوژولا بۆ کوردستان ساڵ 1837، و/ د. نەجاتی عەبدوڵا، هەولێر، 2009.

31. گۆتفرێد یوهانس میوولەر: دزە کردنە ناو کوردستانی داخراو، و/ عوسمان عەبدوڵلا هەڵەبجەیی، سلێمانی، 2011.

32. لیام ئەندرسن: تەنگژەی کەرکوک، و ئومێد، هەولێر، 2013.

33. ولیەم هیوود: سەفەرنامەی ولیەم هیود بۆ کوردستان ساڵی 1817، و/ نەجاتی عەبدوڵلا، هەولێر، 2012.

34. نیبۆر: سەفەرنامەکەی نیبۆر لەسەدەی هەژدەدا، و/ ئەردەڵان عەبدوڵلا، هەولێر، 2013.

35. هنری بایندەر: سەفەرنامەی هێنری بایندەر کوردستان، میزۆپۆتامیا، ئێران، و/ ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 2006.

أ- سەرچاوە بەزمانی عەرەبی:-

36. ا.د. عبدالله كران: تاريخ و هوية كركوك، من كتاب هوية كركوك، اربيل، 2018.

37. بهروز شجاعي: ببيلوغرافيا كوردستانية كركوك (المصادر الغربية)، من كتاب هوية كركوك، اربيل، 2018.

38. جيمس بينكنغهام: رحلتي الي العراق، ت/ سليم طة البصري، الجزو الاول، بغداد، 1968.

39. جيمس بينكنغهام: رحلتي الي العراق، ت/ سليم طة البصري، الجزو الثاني بغداد، 1969.

40. صلاح الدين انور قيتولي: تعريب قضاو خانقين من منظور جيوسياسي، السليمانية، 2008.

41. كمال مظهر احمد(الدكتور): كركوك وتوابعها حكم التاريخ و الضمير، جزو الاول، مطبعة رينوين، بدون سنة الطبع.

42. مامند روذة: كركوك عقد التعريب، من كتاب هوية كركوك، اربيل، 2018.

43. نوري طالباني(الدكتور): منطقة كركوك محاولات تغيير و اقعها القومي، لندن، 1995.

44. ويليام ئيغلتون: القبائل الكوردية، ت/ د. احمد محمود خليل، اربيل، 2006

ب- سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی:-

45. ELIZABETH FERRIS, SENIOR FELLOW &CO-DIRECTOR, KIMBERLY STOLTZ, RESEARCH ASSISTANT: the future of Kirkuk, THE BROOKINGS INSTITUTION – UNIVERSITY OF BERN,2008

46. MirellaGalletti, Ph.D: Kirkuk: The Pivot of Balance in Iraq
Past and Present§ ‹Journal of Assyrain Academic Studies, Vol. 19, no. 2, 2005

47. IlhanKILIC: Britains Kurdish Policy and Kurdistan 1918 -1923, A thesis submitted in fulfilment of the requirements of Degree of Master of
Philosophy (MPhil) at the School of History of the University of East Anglia, 2018.

documents, and as a historical witness, it is important to deal with them at the same time. It takes a lot of work to bring the attention of Kurdish scholars to all aspects of Kurdish life academically.

48. RasoulMuhammedRasoul: History of Kirkuk from the Beginning of the Nineteenth Century until Becoming Part of the Iraqi Monarchy in 1925, Dissertation completed in fulfillment for the Degree of a Doctor of Philosophy (Dr. Phil.), from the Faculty of Philosophy, University of Erfurt, Erfurt, 2017.

49. Inga Rogg and Hans Rimscha: The Kurds as parties to and victims of conflicts in Iraq, Volume 89 Number 868 December 2007.

50. Serena Vianello: A Land of Dust and Stones”: British Travellers to Iran
1890- 1920, UniversitàCa Foscari di Venezia, 2004.

**أ- گۆڤار بە زمانی كوردی:-**

51. ئەژی: مێژووی سەردەمە كارگێڕیو بەڕێوبەرایەتیەكانی ناوچەی كەركوك، گۆڤاری كەركوك، ژ(4)، ساڵی سێیەم بەهاری 2002.

52. بشار عادل كريم، يوسف عباس احمد: دابەشبوونی گوندەكانی قەزای كفری لە ساڵانی 1977- 2002، گۆڤاری كەركوك، ژ(1)، ساڵی هەشتەم، هاوینی 2006.

53. شێمحەمەد شاكەلی: گەرمیان رابردووی نزیكو ئەمڕۆی، گۆڤاری كەركوك، ژمارە(2)، ساڵی پێنجەم پایزی 2003.

54. عەزەدین عومەر دەروێش، ئارام حسن محمد: تایبەتمەندیە سروشتیەكانی جوگرافیای گەرمیان، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، تایبەت بە كۆنفرانس، جۆنی، 2017.

55. طارق رەئوف محەمەد، هەورامان كەمال میرزا: ناوچەكانی ململانێ لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، گۆڤاری كەركەك، ژ(4)، ساڵی حەوتەم بەهاری 2006.

56. ناهیدە جەمال تاڵەبانی: داهاتی سروشتی قەزای كفری، گۆڤاری كەركەك، ژ(3)، ساڵی چوارەم زستانی 2003.

57. ناهیدە جەمال تاڵەبانی، جاسم محمد محمد علی: راگواستن و بەعەرەبكردن لە قەزای كفریدا، گۆڤاری كەركەك، ژ(3)، ساڵی پێنجەم زستانی 2004.

**رۆژنامە بە زمانی عەرەبی:-**

58. عبدالرقيب يوسف: خانقين اصبحت جزءا من سنجاق باجلان ثم امست لواء فلتتخذ محافظة من جديد، طؤظاري كةركوك، ذ(1)، سالَي ثيَنجةم، هاويني 2003

**Abstract:**

In order to know the history of Kurdish life from the perspective of foreigners, Kurdish scholars are the best source for exploring and revealing all the hidden aspects that the Kurdish nation itself has not been able to open up, to gather information on the cities and regions of Kurdistan in different eras and in different times. Let's find out more about the history of Kurdish scholars in the history of Kurdish cities and commercial areas.

This is a very useful work for the present and future, so that the fate of many of the areas that have been left out of the Kurdish state can be addressed by historical